بنیاتی کارەکتەر لە ڕۆمانی (جەمشید خانی مامم کە هەمیشە با لەگەڵ خۆیدا دەیبرد)ی - بەختیار عەلی دا

[1]د. زاهیر ئیسماعیل سەعید
[1]* وەزارەتی پەروەردە_ بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی ڕانیە
zahirismael1973@gmail.com

نووسەری پەیوەندیکار: د. زاهیر ئیسماعیل سەعید

پوختە

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی بنیاتی کارەکتەر لە (ڕۆمانی جەمشید خانی مامم، کە هەمیشە با لەگەڵ خۆیدا دەیبرد)ی بەختیار عەلی، هەوڵێکە بۆ دەرخستنی سروشتی کارەکتەر لەم ڕۆمانەدا، کە خۆی لە پۆلێنکردنی جۆرەکانی کارەکتەردا دەبینێتەوە، ڕۆمانnووس دەیەوێت لە ڕێگەی کارەکتەرەکانەوە ڕاستییە مێژوویییەکان بۆ خوێنەر ئاشکرا بکات. هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتی کارەکتەر لەم توێژینەوەیەدا دەگەڕێتەوە بۆ زیندویەتی ئەم ڕۆمانە و هەڵبژاردنی ئەو کەسایەتیانەی کە (بەختیار عەلی) لەم ڕۆمانەدا بەرجەستەی کردوون، کارەکتەرەکان لە ڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە لە واقیعی ژیانی کۆمەڵگەی کوردەواریەوە دەدوێن. نووسەر لە ڕێگەی کارەکتەرەکانەوە ئەزموونی ژیانی میللەت و سیاسییەکانی کورد لە باشوری کوردستان دەخاتە ڕوو.

وشە کلیلییەکان: جەمشید خان، کارەکتەری سەرەکی، کارەکتەری لاوەکی، کارەکتەری پەرەستێن، کارەکتەری پەرەنەستێن، کارەکتەری ڕاستەقینە، کارەکتەری فەنتازیی.

1.پێشەکی

ڕۆمان لەسەر بنەمایەکی یەکخراو دادەمەزرێت، گرنگترینیان کارەکتەرە، کە بنچینەی سەرەکی پێکهێنەری ڕۆمانە و ئەرکی نوێنەرایەتییەکی زۆر گرنگ لە ڕۆماندا ئەنجام دەدات و کەرەستەی خەیاڵی ڕۆمانnووس پێکدەهێنێت، ڕۆمانnووس بە هۆیەوە سەرنج دەخاتە سەر جوڵەی پەیوەندییە ناوخۆیی و دەرەکییەکان و ئەو ڕووداو سەرسوڕهێنەر و بەدوایەکداهاتووانەی کە ڕووەدەن. ڕۆمانی "جەمشیدخانی مامم کە هەمیشە با لەگەڵ خۆیدا دەیبرد" باس لە بابەتێکی مێژوویی و واقیعی نەهامەتییەکانی ژیانی کورد و سادەیی سەرکردەی کورد دەکات، لە ماوەی نێوان جەنگی عێراق- ئێران و دواتریش کۆچی گەنجانی کورد لە دوای ڕاپەڕینی گەلی کورد لە باشووری کوردستان بۆ وڵاتانی ڕۆژئاوا. نووسەر ئەو جیهانەی کە لە ڕۆمانەکەیدا دروستی کردووە و کارەکتەرەکانی ڕۆمانەکەی لە نموونەی واقیعی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە وەرگرتووە.

2.دەروازە

کارەکتەر ڕەگەزێکی سەرەکییە لە بنیاتنانی ڕۆماندا و توخمێکی چالاکە، کە بەشداری ڕووداو دەکات و (ڕۆڵ دەبینێت لە گەشەسەندنی ڕووداو و کارلێک لەگەڵ کات و شوێندا دەکات، واتە لەناو فەزای کات و شوێندا دەجوڵێت و دیالۆگ و ململانێکان دروست و چالاک دەکات و ئامادەبوونێکی جوانی داهێنەرانەی لە کارە ئەدەبییەکاندا هەیە)(براهمي، 2021، 63)، واتە کارەکتەر بنەمای بنچینەیی گێڕانەوەیە، کە کاری خەیاڵیی لەسەر دادەمەزرێت، (بەبێ کارەکتەر هیچ جوڵە و پەرەسەندنێک لە گێڕانەوەدا بەدی ناکرێت، بوونی کارەکتەر لە ڕۆماندا بۆ ئەوەیە نووسەر جوڵە پەخش بکات و ژیان بە ڕۆمانەکە ببەخشێت، پێش ئەوەی نووسەر بتوانێت خوێنەر لەگەڵ کارەکتەر هاوسۆز بکات، دەبێت جوڵە دروست بکات)(فرادی، ۲۰۱۵-۲۰۱٦، 19)، کەواتە کارەکتەر بزوێنەری سەرەکی ڕووداوەکانی ڕۆمانە و بەبێ کارەکتەر کرداری گێڕانەوە دروست نابێت.

کارەکتەر مەرکەزییەتی خۆی لە کاری ڕۆماندا وەک بنەمایەک لە بنەماکانی گوتاری گێڕانەوە وەردەگرێت وەک "بوونەوەرێک، کە کردارەکان بەرجەستە دەکات، دیالۆگ ئاڵوگۆڕ دەکات، و شوێن لە کاری ئەدەبیدا داگیر دەکات، چ مرۆڤ بێت یان نامرۆڤ، وەک ئاژەڵ، ڕووەک، و شتی بێگانە، بەدڵنیاییەوە کارەکتەر هێمایە. مرۆڤ مەیلی زانینی هەموو ئەو شتانەی پەیوەندی بە کارەکتەرەکانەوە هەیە، نهێنیەکانیان ئاشکرا بکات و سوود لە ئەزموونەکانیان و بڕیاردانیان وەربگرێت و هۆکاری شکست هێنان، یان سەرکەوتنیان بزانێت (محمدامی، امین، ۲۰۲۲، ۸۲۹).

زاراوەیەکی تازە بەکارهاتووی (**Personality**) کارەکتەر " وەرگیراوە، personaهاوچەرخە، فۆرمەکەی لە وشەی یۆنانی " کە بە واتای ئەو ماسکە دەهات، کە ئەکتەرەکان لەسەر دەموچاویان بەکاریان دەهێنا بۆ ئەوەی خۆیان بگۆڕن و لەلایەن کەسانی تروە نەناسرێنەوە، دواتر ڕۆڵی خوازراوی خۆیان لە شانۆنامەکاندا نیشان بدەن (فرادی، ۲۰۱۵-۲۰۱٦، 10)، واتا لە یۆنانی کۆندا لە کاتی نمایشکردنی شانۆ لەبەردەم خەڵکدا، ئەکتەرەکان ئەو ماسکەیان بەکاردەهێنا تاکو نەناسرێنەوە و ئەو ڕۆڵە بگێڕن، کە پێیان دەسپێردرا.

زاراوەکانی وەک (کاراکتەری گێڕانەوە، کاراکتەری ڕۆمان و کاراکتەری چیرۆک) یەک مانایان هەڵگرتووە. کارەکتەر لە خەیاڵی دروستکراوی ڕۆمانnوسەوە سەرچاوەی دەگرێت و تایبەتمەندی پێدەبەخشێت بۆ ئەوەی لە کەسانی تر جیایی بکاتەوە و بیرۆکەکانی

خۆی لەسەر هەڵدەچنێت، عەبدولمەلیک مورتاز، لە کتێبی (نظرية الرواية)دا بە شێوەیەکی زۆر ورد چەمکی کارەکتەر دەخاتە ڕوو، پێیوایە (کارەکتەر ئەو کەسەیە، کە ناوبژیوانی پەیوەندی نێوان هەموو کێشەکانی دیکەی گێڕانەوەیە، وەک چۆن ئەو زمان دروست دەکات و دیالۆگ دادەمەزرێنێت یان پێشوازی لێدەکات، ئەو کەسەیە کە (مۆنۆلۆگ) دروست دەکات. هەر ئەویش ڕووداوەکان ئەنجام دەدات و لە ڕێگەی هەڵسوکەوتەکانییەوە ڕۆڵی بەرپاکردن، یان چالاککردنی ململانێکان دەگێڕێت)(مرتاض، ۱۹۹۸، ۹۱). واتە کارەکتەر لە پێکهاتە سەرەکییەکانی گێڕانەوەیە، کە نووسەر ناتوانێت دەستبەرداری ببێت، چونکە بەبێ کارەکتەر ڕووداو دروستنابێت.

3.بەشی یەکەم:

3.1 چەمک و پێناسەی کارەکتەر لە ڕوانگە زانایانی ڕۆژئاوایی و ڕۆژهەڵاتییەوە

تۆێژەر و ڕەخنەگران لەسەر چەمکی کارەکتەر وەستاونەتەوە، هەریەکەیان بە گۆڕەی تێگەیشتن و تێڕوانینی خۆی لە دیاریکردنی چەمکێکی دروست بۆ کارەکتەر پیشانداوە، بۆیە ئەمڕۆ کارەکتەری ڕۆمان نوێنەرایەتی چەندین داتا و پەیوەندییە تێکەڵاوەکان لە تێکستدا دەکات.

یەکێک لە گرنگترین زانایانی ڕۆژئاوایی، کە بایەخی بە چەمکی کارەکتەر داوە و پەرەی پێداوە (ڕۆلان بارت)ە کاتێک دەڵێت: کاراکتەری چیرۆک وەک بەرهەمی کارێکی نووسەر پێناسە دەکرێت. مەبەستی ئەوەیە، کە ناسنامەکەی لە دەقەکەدا بڵاو دەبێتەوە، لە ڕێگەی وەسف و خەسڵەتەکانییەوە، کە لەسەر بنەمای ناوی (تایبەتی) دامەزراوە، کە لە چیرۆکەکەدا دەردەکەوێت (فرادی، ۲۰۱۵-۲۰۱٦، لە ڕوانگەی بارتەوە، کارەکتەر لە ڕێگەی وەسف و 14). خەسڵەتەکانییەوە، دەبێتە دەربڕی ویستەکانی ڕۆماننووس.

(هنری برگسۆن)، پێیوایە کارەکتەر ئەو نووسەرەیە، کە هەندێک لە ئەزموونەکانی خۆی لە حاڵەتی شاراوەدا ماوەتەوە و لە ڕێگەی کارەکتەری گێڕانەوەکەیەوە دەریان دەبڕێت، وەک ئەوەی کارەکتەری چیرۆک، کەسایەتی نووسەر دادەپۆشێت، ئەمەش ئەو شتەیە، کە سایکۆلۆژیای ئەدەب گرنگی پێدەدات (بوشبوط، 2018-2019، 15). برگسۆن لە ناساندنی کارەکتەردا لە بۆچوونی بارت نزیک دەبێتەوە، ئەمیش پێیوایە، کە کارەکتەری چیرۆک دەربڕی هزر و ئایدیۆلۆژیای نووسەری دەقە، چونکە کارەکتەری چیرۆک ئالەتێکە، کە نووسەر لە ڕێگەیەوە دەتوانێت ئەو ڕووداو و بیروبۆچوونە خەفەکراوانەی خۆی، کە بیری داگیر کردووە بە خوێنەر بگەیەنێت، کەواتە نووسەر کارەکتەرەکان وەک بەهانەیەک بەکاردەهێنێت بۆ دەربڕینی ئەو کێشانەی، کە نیگەرانی کردووە بەرانبەر بە کۆمەڵگاکەی. بۆ خستنە ڕووی ئەم نیگەرانیانە، کارەکتەرەکانی ڕۆمانەکەی لە ناوەڕاستی ئەم کێشانەدا نوقم دەکات.

چەمکی کارەکتەر بەلای (تۆماس شیفسکی)ەوە، دەتوانین بڵێین چەمکی کارەکتەر خۆی لە خۆیدا چەمکی پاڵەوانە و کارەکتەر تۆخمێکی گۆڕانکاریە لە گێڕانەوەدا (فرادی، ۲۰۱۵-۲۰۱٦، 16). شیفسکی کارەکتەری سەرەکی بە پاڵەوان وەسف دەکات، بەڵام مەرج نییە، کە کارەکتەری سەرەکی پاڵەوان بێت، دەکرێت کارەکتەری جەمسەری جوڵاو بێت و سەرنجی بەردەوامی گێڕانەوەکەی لەسەر بێت.

A. J. Greimas): چەمکێکی نوێی سەبارەت بە(گریماس کارەکتەری لە گێڕانەوەی چیرۆکدا ناساند، کاتێک کارەکتەری لە نێوان فاکتەر و ئەکتەر جیا کردەوە و ناوی لێنا کاراکتەری ئیستیبراکت(مجرد)، کە نزیکە لە مانای هێما بۆکراو (ئاماژەبۆکراو)(سعاد، 2017-2018، ۱۰). بەلای گریماسەوە کارەکتەر لە گێڕانەوەدا کەسایەتییەکی دیار و چالاکی ئاماژە بۆکراوە. (میشێل زرافا) کارەکتەر لە کەسێتی ڕاستەقینە جیا دەکاتەوە، پێیوایە کارەکتەری گێڕانەوە تەنها ئاماژەیەکە لەسەر کاراکتەری ڕاستەقینە: "پاڵەوانی ڕۆمان کەسێکە لە هەمان سنووری دەرکەوتنی کەسی ڕاستەقینە دایە "(سعاد، 2017-2018، ۱۰)، واتە کارەکتەری گێڕانەوە، کارەکتەری خەیاڵی نووسەرە و بێ گیانە و وەهمییە، بەڵام کار و کردەوەی مرۆڤی ڕاستەقینە ئەنجام دەدات.

Philppe. Hamon : کارەکتەر لە فۆرمێکی فیلیپ هامۆن ڕێزمانیدا دەبینێت و پێیوایە چەمکی کارەکتەر تێگەیشتنێکی ئەدەبی تەواو نییە، بەڵکو بەشێوەیەکی سەرەکی پەیوەندی بە کرداری ڕێزمانییەوە هەیە، کە لەناو دەقەکەدا دەجوڵێت، ئەو دەڵێت: کارەکتەرەکان بوونەوەری کاغەزین و بەشێوەی هێما دانراون، بۆ مەبەستی زانین، جیهانی ئەوان ناڕاستەقینەیە و جادووگەرییە (هامون، ۲۰۱۳، ۱۳)، هامون لە ڕوانگەیەکی بونیادگەرییەوە مامەڵە لەگەڵ کارەکتەر دەکات و دەیبەستێتەوە بە ئەرکە ڕێزمانییەکانی ناوەوەی دەقەوە، وەکو هێماو ئاماژە ڕێزمانییە بێگیانەکان و کارەکتەری کاغەزی دەیان ناسێنێت.

(عەبدولمەلیک مورتاز) کارەکتەری هونەری بەوە پێناسە دەکات، کە (کارەکتەر ئامرازێکی هونەرییە، کە نووسەر دروستی کردووە بۆ کارێک، کە وێنەکەی نەخشە بۆ کێشراوە، کارەکتەرێکی ڕێزمییە پێش هەموو شتێک، لە دەرەوەی وشەکان نییە، بۆیە نابێتە پێکهاتەیەکی کاغەزیی (مرتاض، ۱۹۹۰، ٦۸). مورتاز کارەکتەر بە دەربڕی بیری نووسەر لە قەڵەمدەدات، بەشێوەیەی کە نەخشەی بۆ کێشاوە، کە کاری مرۆڤی ڕاستەقینە ئەنجامدەدات، نەک تەنیا بوونەوەرێکی کاغەزی بێت.

لەڕێگەی ئەم پێناسانەی زانا و تۆێژەران، کە بۆ چەمکی کارەکتەر پێشکەشیان کردووە تێبینی ئەوە دەکەین، کە کارەکتەر چەمکێکی ئاڵۆزە و ناتوانرێت، بەتەنیا پێناسەیەک لە چوارچێوە بدرێت و دابڕۆشرێت.

لە ڕاستیدا کارەکتەری گێڕانەوە بوونەوەرێکە نوێنەرایەتی کەسێتی ڕاستەقینە دەکات، کە لە واقیعی ژیاندا بوونی هەیە، هەروەکو چۆن کەسێتی ڕاستەقینەی بەتوانا هەیە، کە دەتوانێت واقیعی ژیانی خۆی و کۆمەڵگاش بگۆڕێت، بە هەمان شێوە کارەکتەری سەرەکی لە ڕۆمان، چیرۆک، کورتە چیرۆک، هەمان ئەو ئەرکانە دەبینێت، کە لە واقیعی ژیاندا هەن، کە دەکرێت کارەکتەرەکان واقیعی بن، یاخود خەیاڵی.

2.1 ناوی کارەکتەر

کارەکتەر تۆخمێکی گرنگە لە پێکهاتەی تێکستی ڕۆماندا و پەیوەستە بە تۆخمەکانی ترەوە و فاکتەری بنچینەییە لە دروستکردنی ڕووداودا، بۆیە (دەبێت ناوی کارەکتەر لەگەڵ ڕێزەوی گێڕانەوە و دیدگا و

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/, Volume:** [2], **Issue:** [2], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12324]
- **Submission Date:** [15/02/2026], **Revised Date:** [15/02/2026], **Accepted Date:** [05/11/2026], **Published Date:** [30/06/2026]

پەیامی ڕۆمانەکەدا بگونجێت و دواتر لە ڕێگەی بەها هونەرییەکانی سیمیۆتیکی ناوەکەوە بچێتە ناو لایەنی هێرمۆنیتیکیەوە (کتوب، 2004، ١٩٣)، واتە دەبێت ڕۆماننووس هەڵبژاردنی ناوی کارەکتەری ڕۆمانەکەی لەسەر دوو بنەما دابمەزرێنێت، یەکێکیان بەشێوەی هێما بۆ خزمەت و گەیاندنی پەیام و مەبەستی گێڕانەوەکەی، ئەوی تریان لەسەر بنەمای جواناسییەکی سەرنجڕاکێش، بۆ ئەوەی سەرنجی خوێنەر بەلای دەقەکەیدا ڕابکێشێت، تاوەکو بە تامەزرۆییەوە بیخوێنێتەوە، لەو کاتەشدا هەست بە پەیامی نووسەری دەق دەکات، هەروەکو (میشال بوتور)، لەمبارەوە دەڵێت: (خوێندنەوەی ڕۆمان گەشتێکە بۆ ناو جیهانێکی جیاواز لەو جیهانەی کە خوێنەر تیایدا دەژی، هەر لەو ساتەوەی خوێنەر کتێبەکەی تێدا دەکاتەوە، دەگوازرێتەوە بۆ جیهانێکی خەیاڵی، کە لە قسەکانی ڕۆماننووسەوە ئیلهامی پێبەخشراوە (کتوب، 2004، ١٩)، واتە خوێنەر لە جیهانێکی ڕاستەقینەوە دەگوازێتەوە بۆ جیهانێکی نوێی جیاواز، کە بە ئیستاتیکایەکی سەرنجڕاکێش دەورە دراوە.

ڕۆماننووس هەندێک لە ناوی کارەکتەرەکانی بە ڕەهەندێکی هێمایی و واتایی بەرجەستە دەکات، وەک ئاماژەیەک بۆ گەیاندنی مەبەستێکی واقیعی، تا ئەو ڕادەیەی کە پێویستی بە لێکدانەوە هەیە لەلایەن خوێنەرەوە، بۆ نموونە لە خوێندنەوەی ڕۆمانی (جەمشیدخانی مامم)دا، بۆمان دەردەکەوێت، ناوی ئەو کارەکتەرانەی کە لە ڕۆمانەکەدا بەکارهاتوون، ئەو واتایانەیان هەڵگرتووە، کە لەگەڵ بنیاتنانی کاری کارەکتەرەکاندا دەگونجێت، کە ئەمەش بە سروشتێکی ئەرێنی دادەنرێت. لە ڕۆمانەکەدا پاشگری(خان) لە کۆتایی ناوی زۆرێک لە کارەکتەرەکان بەکارهاتووە، هەڵبژاردنی (خان) لەلایەن ڕۆماننووسەوە، ئاماژەیە بۆ بنەماڵەیەکی خانەدانی خێڵەکی گوندنشینی کوردەواری، کەواتە بەختیار عەلی لەم ڕۆمانەدا ناوی کارەکتەرەکانی لەسەر بنەمای ئاراستەی کۆمەڵایەتی بنیاتناوە، کە لەگەڵ ئاستی ڕۆشنبیریی و ژینگەی ئەو سەردەمەی کە هەڵی بژاردووە گونجاون، بۆ نموونە لەدوای ڕزگاربوونی جەمشیدخان لە زیندان هەست بە گونجاوی ناوەکان دەکەین، هەروەکو هاتووە:

- کاتێك خزمەتکانمان کۆبوونەتەوە بۆ ئەوەی بیر لە حاڵی جەمشید بکەنەوە، ناوبانطی من و سمایل وەك دوو طەنجی بێئاشەڕۆذ و بێئیش لەناو خێڵی خۆماندا دەنطیدابووەتەوە، ئەدیب خانی مامم کە کورِەطەورەی حیسام خان بوو، یەکەمین کەس بوو کە ئێشنیاری ئەوەی کرد سمایل بکاتە یاوەرێکی هەمیشەیی برابەدبەختەکەی، دیارە سەرفراز خانی باوکی منیش بۆ ئەوەی غەمخۆر و برایەتی خۆی دەربخات، دەم و دەست دێتە طفت و دەڵێت کە ئەویش (سالار)ی کورِي دەخاتە خزمەتەوە، ضونکە کاری ضاودێری و ئاراستنی جەمشید بەیەك کەس ناکرێت. ل 8.

- باثیرەم حیسام و ئیرۆز خانی نەنکم دەیانویست ضیتر کورِەکەیان قاضاغی کێوان نەبێت، ل 22.

- دوای ئەوەی ضەند مانطێك ئێکەوەبوون، بەیانییەك داود خانی خزممان کە هەموو دەمانزانی ئەیوەندی لەطەڵ بەرثرسەکانی حیزبي بەعسدا خۆشە، لەطەڵأ باثیرەمدا هاتن بۆ بارانۆك و جەمشیدیان لەطەڵأ خۆیاندا برد بۆ ئەوەی ناونووسیبکەن تا سوود لە لێبوردنەکە ببینێت. هەر ئەو ڕۆذە دوای نیوەڕۆ ماشێنێك من و سمایلی بردەوە بۆ شار. ل 23.

- جەمشید لە سەرەتای نووسینی یاداشتە ڕۆذانەکانی خۆیدا هەمیشە بەوە دەستی ئێدەکرد (من جەمشید خان کوڕی حیسام خان کوڕی زولفەقار خان کوڕی ئەمین خانم، کة ئەسلَم دەضێتەوة سەر میر و شاهانی زەند، لة ڕۆذی (ئەوەندەی ئەوندەدا) لة ئاسمانەوة ئەم شتانەی خوارەوةم بینی...). ل 36.

تەنانەت ئەو ناوانەی کە ڕۆماننووس هەڵیبژاردوون، بەپێی شوێنی جوگرافی و بەکارهێنانی نەتەوەیش گونجاون:

- کة ئێرانییەکان جەمشید خانیان طرت، نەیان کوشت. (جەمشید خانێکی مردوو سوودی بۆ ئێران ضییة؟) سەرهەنط ثوریاوەری وای بة مامم طوتبوو. ئێرانییەکان هەمان یارییان بة مامة جەمشیدم کرد، ل 44.

لێرەدا هەست بەوە دەکەین، کە ناوی:(سەرهەنگ پویاوەر) و چەندین ناوی تری وەک (غولام ڕەزا تاهیری و حوسەین عەلی فەسحی)، کە بەکارهاتوون لە شۆڕەتیاندا دیارە، کە لەناو نەتەوەی فارسدا بەکاردێن.

جگە لە ناوی کارەکتەریش، زۆرجار ڕۆماننووس تەمەنی کارەکتەری ڕۆمانەکەشی دیاری دەکات، بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ، بۆیە کاتێک خوێنەر دەستدەداتە خوێندنەوەی ڕۆمانەکەی هەست بەوە دەکات، کە کارەکتەری سەرەکی و بەشێک لە کارەکتەرە لاوەکییەکان لە چ تەمەنێکدان، (دەشێت کارەکتەر لە تەمەنی لاوێتیدا بێت و ئەزموونی پێویستی نەبێت، یان بە پێچەوانەوە کارەکتەرێکی پێشکەوتووی بەتەمەن بێت و زانیارییەکی بەرفراوانی لەسەر ژیان و پێداویستییەکانی هەبێت)(المحاسنة، 2007، ٢٦)، واتە ئەگەر نووسەر مەبەستی هەڵبژاردنی کارەکتەری سادەبێت، ئەوا تەمەنی هەرزەکاریی بۆ دیاری دەکات، وە بە پێچەوانەشەوە. لە ڕۆمانی (جەمشیدخان)دا، جەمشید لەسەرەتای دەرکەوتنییەوە، تەمەنی حەڤدە ساڵ بووە.

- لة سةرةتای ساڵی 1979 دا کة جةمشیدخان بۆ یةکةمجار طیرا تةمةنی حةظةدة سالَ بوو، ل 3.

- من و سمایل ئاموزابووین هةردووکمان تةمةنمان ثازدة سالآن بوو، بةلآم دوو ساڵ بوو لة ثۆلی یةکةمی ناوةندی دةرنةدةضووین، ل 8.

2.2پەیوەندی کارەکتەر بە گێڕەرەوە

کارەکتەرەکانی ڕۆمان ئامرازی نووسەرن بۆ بەرجەستەکردنی دیدگاکەی، بەمجۆرە کارەکتەر سیستەمێکە، کە دەق ورده ورده دروستیدەکات، بەجۆرێک کە نوێنەرایەتی کەسایەتی خودی نووسەر دەکات، بەپێی ئەو هەلومەرجە بابەتییانەی کە دەوریان داوە، ڕەفتار ناکات، بەڵکو بە پێی هزری نووسەر مامەڵە دەکات، تەنانەت ئەگەر ئەمە ببێتە هۆی سەرهەڵدانی دژایەتی لە کەسایەتیدا (کتوب، 2004، ١٥). ڕۆماننووس ئەو کەسەیە، کە ئازادە لە سەپاندنی هەر بیروباوەڕێك بەسەر کارەکتەردا و دەسەڵاتی تەواوی هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا (کارەکتەر لەڕۆماندا بە هیچ شێوەیەك بەشێك نییە لە کەسایەتی ڕۆماننووس، چونکە ڕۆماننووس لە چۆنیتی بەرجەستە کردنی کارەکتەری سەرەکیدا نایەوێت کەسایەتی خۆی تێدا بەرجەستە بکات، بەڵکو دەکرێت کارەکتەری سەرەکی خەونی ڕۆماننووس بێت، کە بیخاتە ناو کۆمەڵ و بیخاتە باری ڕەخنە و سەرنجدانەوە)(حمید، 2004، 56)، ڕۆماننووس لە دەرەوەی گۆڕەپانی فەزای گێڕانەوەکەیدا دەمێنێتەوە و کارەکتەرەکان دەجووڵێنێت، بەبێ ئەوەی خوێنەر هەست بە دەستێوەردانی ڕاستەوخۆی خودی گێڕەرەوە بکات (المحاسنة، 2007، ٢٩)، واتە ڕۆماننووس هەوڵدەدات بیرو مەبەست

و ئایدۆلۆژیای خۆی، یان هەلومەرجێکی نالەباری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری سەردەمەکەی خۆی لەڕێگەی کارەکتەرەکانەوە بگەیەنێت. کارەکتەر لە ڕۆماندا قورسایی ڕووداوی دەخرێتە سەر و ڕۆمانnووس بە مەبەست هەڵی بژاردووە، تاوەکو گۆشەیەکی ژیان، لەسەردەمێکی دیاریکراودا بخاتە ڕوو، هەروەها بەپێی ئەو ئەرکەی بە کارەکتەرەکانی دەبەخشێت، ڕۆڵ دەبینن و بە پێی مەبەست ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە دەهێنێتە بوون، بێ ئەوەی خوێنەر هەست بە بوونی خودی ڕۆمانnووس بکات لە گێڕانەوەکەیدا.

تەها وادی لە کتێبی (الرواية السياسية)دا لە پێناسەی کارەکتەردا دەڵێت: گێڕەرەوە کارەکتەری جەوهەرییە لە هەر بەرهەمێکی گێڕانەوەی کورت، یان درێژدا، کارەکتەر ئەو ناوبژیوانەیە، کە نووسەر هەڵیبژاردووە بۆ ئەوەی بیبێتە نوێنەری خۆی یان جێگرەوەی (طخة، لە گێڕانەوەی ڕووداوی گێڕانەوەکەیدا لە سەرەتاوە تا کۆتایی سعيدات، 2022-2023، 6)، واتە نووسەر لە ڕێگەی یەکێک لە کارەکتەرەکانی ناو ڕۆمانەکەیدا، دەنگی هەیە و ئەو کارەکتەرە دەبێتە نوێنەری ئەو لە گەیاندنی ئەو بیرۆکانەی دەیەوێت بیگەیەنێتە خوێنەر، بەو مانایەی (کارەکتەر لەلایەن ڕۆمانnووسەوە پێشنیار دەکرێت، تا تێڕوانینی خۆی لە ڕێگەیەوە بەرجەستە بکات، کە گەورەترین پشکی ڕۆمانەکە داگیر دەکات و بەدەوری ئەو ناوەرۆکەدا دەخولێتەوە، کە نووسەر دەیەوێت بە خوێنەر بگەیەنێت)(براهمي، 2021، 64)، واتە کارەکتەری ڕۆمان دەربڕ و جێبەجێکاری بیروبۆچوونەکانی ڕۆمانnووسە، بەو شێوەیەی کە نەخشەی بۆ کێشاوە.

بەختیار عەلی لەم ڕۆمانەدا، لە ڕێگەی کارەکتەری سەرەکی (جەمشید خان)ەوە، دەیەوێت بارودۆخی سیاسی کورد و سەرکردەی خۆشباوەڕی کورد لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٩ وە، تاوەکو دوای ڕاپەڕینی گەلی کورد لە باشووری کوردستان ڕوون بکاتەوە و بە خوێنەری بگەیەنێت.

2.3وێنە کێشانی کارەکتەر لە خەیاڵی نووسەردا

ڕۆمان ڕەنگدانەوەی ژیانی مرۆڤە، هەروەک چۆن مرۆڤ لەم کەونەدا، بەشداری لە ڕووداوی خۆش، یان ناخۆش، خودیی و کۆمەڵایەتیدا دەکات، ئەمەش حاڵەتی دەروونی بەسەر کەسەکەوە بەجێ دەهێڵێت، زۆرجار کەسەکە کاردانەوەی بەرامبەر ئەو ڕووداوانە دەبێت، کە بەسەریدا دێن، کاردانەوەکانیش لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە جیاوازن، بۆیە دەشێت، ئەمجۆرە کەسایەتیانە کەرەستەی نەرم بن بەدەست گێڕەرەوە، تاوەکو چیرۆکی هاوشێوە و باڵاتری بە ویستی خۆی لێدروست بکات (طخة، سعيدات، 2022-2023، ٢٠). واتە نووسەر هەوڵدەدات لە وێنەی ئەو ژیانە ڕاستەقینەوە، وێنەی کارەکتەرەکانی گێڕانەوەکەی هەڵبژێرێت. بۆ ئەم مەبەستەش چەند سیفەتێکی ژیانی ڕاستەقینەی مرۆڤ بە کارەکتەرەکانی دەبەخشێت، وەک ئەوەی کە زیندوو بن و ملکەچی ئاڵۆزییەکان و قەیرانەکانی ژیانبن، بۆ ئەوەی خوێنەر باوەڕ بە بوونیان بکات.

ڕادەی سەرکەوتنی وێنەکێشانی کارەکتەرەکان لە هەر دەقێکی گێڕانەوەدا، دەوەستێتە سەر توانای ڕۆمانnووس بۆ دروستکردنی کارەکتەری ڕۆمان و چۆنیەتی پێشکەشکردنی، ئەمەش بە ئاسانی بۆ هیچ ڕۆمانnووسێک نایەتە دی، بەڵکو پەیوەندی نووسەر لەگەڵ کارەکتەرەکانیدا پەیوەندییەکە لەسەر بنەمای توانای هونەری ڕۆمانnووس دەوەستێت، تا زیاتر ئاگاداری حەقیقەتی کارەکتەرەکانی و پێگەی ئەوان بێت، کە لە دەقی گێڕانەوەکەیدان، ئەمە یارمەتیدەری دەبێت بۆ سەرکەوتنی ڕۆمانەکەی، کە پێشکەشی ڕای گشتی دەکات (المحاسنة، 2007، ٢٩). واتە کاتێک بیرۆکەی ڕۆمان لەدایک دەبێت، ڕۆمانnووس دەست دەکات بە وێناکردنی کارەکتەرەکانی خۆی، بەپلانێکی نەخشە بۆکێشراوی پێشوەختە، لە گۆشەنیگای خۆیەوە جوڵە و چۆنییەتی کاروکردەوە و ئاستی ڕۆشنبیری و ئەرکی کارەکتەرەکانی دیاری دەکات، پاشان هەوڵدەدات تایبەتمەندی گونجاو بۆ وەسف و شێوەی دەربڕین و ناو و ڕەگەزی کارەکتەرەکانی بەپێی ڕۆڵ و کەسایەتی و پێگەی کۆمەڵایەتی هەڵدەبژێرێت، لەهەمانکاتدا (ڕۆمانnووس بۆ بەخشینی سیفەتی واقیعی بە کارەکتەرەکانی وایان لێدەکات بە وروژاندێکی چڕەوە بە نۆرە قسە بکەن، بۆ ئەوەی هاوسەنگی لە ڕۆمانەکەدا بەدی بێنێت، لەم کارەشدا پشتدەبەستێت بە تێگەیشتنی کەسایەتی خۆی، لەسەر توانای نوێنەرایەتیکردنی ڕۆڵی ئەو کارەکتەرەی کە دەیەوێت وێنەی بیکێشێت، بۆ وێناکردنی ئەو هەڵسوکەوتانەی کە ڕەنگە کارەکتەرێک لە کارەکتەرەکان لە هەندێک بارودۆخی دیاریکراودا، گونجاو و هاوتابێت، بەپێی بەشداریکردنی ڕووداوەکان و ئەو ململانێ و ڕووداوانەی کە لە ئەنجامی هەڵوێستی کارەکتەرەکانییەوە دروست دەبن، بەپێی ئەم هەڵوێستە، گێڕەرەوەکان، لە پێگە و ئاست و چەندێتی فۆرمەکانیاندا جیاوان)(المحاسنة، 2007، ٣٠). واتە هەر ڕۆمانnووسێک، شێواز و تەکنیکی هونەری تایبەت بەخۆی هەیە، لە وێنەکێشانی کارەکتەرە هونەرییەکانی ڕۆمانەکەی.

نووسەر بۆ هەڵبژاردنی کارەکتەرەکانی، ڕەنگە پەنا بۆ کەسایەتی (مێژوویی، سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئایینی و ئەفسانەیی)، یان ژیانی خودی خۆی ببات بە دەربڕینی یەکێک لە کارەکتەرەکانی ناو ڕۆمانەکەی، هەروەکو "فیلیپ هامون" لە پۆلێنکردنی کارەکتەرەکانی ڕۆماندا، ئاماژە بە کەسایەتییە سەرچاوەییەکان دەکات و بەسەر سێ جۆردا دابەشیان دەکات، کە ((کەسایەتییە مێژوویی، کۆمەڵایەتی، ئایینی و ئەفسانەییەکان لەخۆ دەگرێت، لە زۆربەی بەشەکاندا، ئەم کارەکتەرانە ئاماژن بۆ مانایەکی دیاریکراو و جێگیر، کە لەلایەن کولتوورێکی دیاریکراوەوە پێناسە کراوە و خوێندنەوەکانیان بەستراوەتەوە بە ئاستی تێگەیشتنی خوێنەر لەو کەلتوورە))(هامون، ٢٠١٣، ١٤). ئێمەش لە ڕێگەی ئەم پۆلێنکردنەوە و لە ڕوانگەی خوێندنەوەمان بۆ زۆرێک لە ڕۆمانەکانی سەردەم، دەتوانین کەسایەتییەکی تریشی بۆ زیاد بکەین، ئەویش کەسایەتی (سیاسی)یە،کەواتە دەکرێت ڕۆمانnوس لە هەڵبژاردنی کارکتەرەکانیدا، پەنا بۆ یەکێک لەم چوار جۆرە کەسایەتیانە (مێژوویی، سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئایینی و ئەفسانەیی) ببات، نووسەر پێویستە سود لە هەموو زانستەکانی ئەمجۆرە کەسایەتییانە وەربگرێت، کە لە یادەوەری کەلتووری نەتەوەکەی و نەتەوەکانی تری جیهانەوە ماونەتەوە و بەدەستهاتوون، وەک شێوەی حوکم، کارەسات و داستانی قارەمانییەتی ... دەکرێت ئەم ئاکارە کەسایەتییانە لە یەک کارەکتەردا کۆ بکرێنەوە و لە یەک کاتدا تێکەڵ بکرێن.

بەختیار عەلی لەم ڕۆمانەدا کارەکتەرەکانی لە واقیعی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی کوردستان هەڵبژاردوون، کە تەواو گونجاون لە ڕووی ئاستی ڕۆشنبیری و ئایدۆلۆژی و کلتووری و کۆمەڵایەتییەوە. نووسەر بۆ گەیاندنی پەیامەکەی پەنای بۆ کارەکتەری سەرەکی گۆڕاوی کەمشتزان بردووە، کە زۆر بە ئاسانی دەتوانرێت فریو بدرێت و ڕابردوو لە بیربکات و ئایدۆلۆژیاکەی بگۆڕێت،

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/, Volume:** [2], **Issue:** [2], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12324]
- **Submission Date:** [15/02/2026], **Revised Date:** [15/02/2026], **Accepted Date:** [05/11/2026], **Published Date:** [30/06/2026]

لەهەمانکاتیشدا، سیفەتی جەستەسووکی وەک هێمایەک بۆ بەکارهێناوە، کە ئاماژەیە بۆ خۆگونجاندن، لەگەڵ هەر بارودۆخ و پێشهاتێکی نوێدا.

2.4ڕۆڵی ڕووداو لەدروست کردنی کارەکتەری ڕۆماندا

ڕووداو یەکێکە لە مەرجە بنەڕەتیەکانی ڕۆمان، بێ ڕووداو ڕۆمان بوونی نابێت، ئینجا لەو ڕووداوانەوە کارەکتەرەکان ڕۆڵی پەرەسەندن دەبینن، (ڕووداوەکان چەند جۆرێك کارەکتەر پیشان دەدەن، کە دەبنە ڕوگەی ڕۆمانەکە. بنیاتی ڕووداویش دەبێت بەشێوەی زنجیرەیە بێت، کە بریتییە لە ڕیزکردن و بەدوایەکداهاتنی ڕووداوەکان لە زنجیرەیەکی ڕێکخراوی مێژوویی‌دا، بە پێی کات و شوێن و بەپێی کردەکانی پچڕاندن، یان گەڕانەوە بۆ دواوە)(خەیات، 2012، 57). زۆر جار ڕووداو لە ڕۆماندا هۆکاری سەرەکییە لە دروست کردنی کارەکتەری سەرەکی، چونکە (ڕووداو دەتوانێ کەسایەتی ناو ڕۆمان بە جۆرێك بەرجەستە بکات، کە لەگەڵ ڕەگەز و پێکهاتەکانی تری ڕۆمان پێکەوەیان ببەستێتەوە و بەرەو پێشەوەیان ببات، لەبەر ئەوە دیاریکردنی ڕۆڵ و کاریگەریی کارەکتەرەکان پەیوەست دەکرێت بە ڕووداوەوە، چونکە ڕووداو هۆیەکە بۆ گۆڕانی کەسایەتیەکان و پەرەسەندنیان، بەو واتایەی کارەکتەر ئەو ڕووداوانە دێنێتە کایەوە، بەشێوەیەك ئەنجامی دەدات، کە مایەی سەرسوڕمانە)(حوسێن، 2010، 226)، کارەکتەر ئەو کەسێتیە خەیاڵی، یان ڕاستەقینەیە، کە ڕۆڵێکی باڵا دەگێڕێت لە گەشەکردنی ڕووداوەکاندا. هیچ ڕۆمانێك بەبێ ڕووداو نایەتەکایەوە و ڕووداویش بەبێ مەبەست ناگێڕدرێتەوە. زۆرجار ئەو ڕووداوانەی کە بەسەر کارەکتەردا دێن، وای لێدەکات کاردانەوەی هەبێت، زۆرجار کاردانەوەکە بەهێز دەبێت و کارەکتەرەکە، وەک بزوێنەری سەرەکی ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە دەردەکەوێت.

هەروەکو جەمشید خان بەهۆی ئەو ئەشکەنجە بێڕەحمانەی بەعسییەکان، کە لە زیندانادا دەیانکرد و هیچ نەدرکاندنی، وەک بزوێنەری سەرەکی ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە دەردەکەوێت.

- لە سەرەتای ساڵی 1979 دا کة جەمشیدخان بۆ یەکەمجار طیرا تەمەنی حەظەدة سالَ بوو، ئەو کات بةعسییەکان لةسەرتاسەری عیّراقدا دةستیانکردبوو بة ڕاوةدوونان و طرتن و ئازاردانی کۆمۆنیستةکان.... وةك دةڵَین جەمشید بة خۆطرییةکی طةورة و ئاڵَةوانێتییةکی بێوێنةوة بةرطةی ئةشکةنجةی زیندانةکانی طرتووة، ئازایةتی جەمشید و هیض نةدرکاندنی وةها ئةفسانةیی بوون کارێطةدةکةن جةلادةکان دةرهةقی هونةر بنوێنن و جار دوای جار شێوازی تازةتر و توندتر لة ئازاردانیدا بطرنةبةر، بةلاَم بێئةوةی شتێکی ئةوتۆیان دةستبکةوێت. ل 3.

جەمشیدخان بەهۆی ئەشکەنجەی بەعسییەکانەوە توشی حاڵەتی دەروونی و دابەزینێکی کتوپڕی جەستەیی سەیر و نائاسایی دەبێت و دەتوانێت بفڕێت.

- جةمشید خان بة ڕوونی لة یادیدا دةمێنێتةوة و دواتر بة خۆشییةکی بێوێنةوة بۆ هةموانی دةطێڕێتةوة. لة کاتێکدا ئةو لةطةلَ ئاسایشێکی عةرةبدا هانطاو بة هةنطاو ئةو طورةثانة دةبڕن، ... دروست دوای ئةوة کةس نازانێت جی ڕوودةدات، بةلاَم ئاشکرایة کة بایةکی لة ناکاو و زۆر بةهێز دێت، بۆ یةکةمجار ئةو بایة جةمشید خان لةسةر زةوی بةرزدةکاتةوة ... ئةوةی لة یادی جةمشیددا ماوة ئةوةیة کة سةرةتا هةست بة طێذبوونێکی طةورة دةکات، ترسێکی طةورة دایدةطرێت، هةستدةکات وةك ثووش بةخێرایی با دةیبات، لة دیوارةکانی زیندان زیاتر بلَندي دةکاتةوة، ل 5.

- جەمشید بۆ ئەوەی نەکەوێتە دەست بەعسییەکان دەبوو، تا ئەوکاتەی ضارەیەکی بۆ دەدۆزنەوة ڕووبکاتة ناوضة ئازادة شاخاوییەکان تا لەدەستی دەوڵَةت و لةضاوی سیخوڕة نهێنییەکان بة دوور بێت، طوندة کۆنەکەی ئێمەش لة شوێنێکی سارد و عاسیدا بوو لة ضیاکان. ل 8.

بێگومان لەم ڕۆمانەدا ڕووداو ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە دروستکردنی کارەکتەری سەرەکی ڕۆمانەکە، بەختیار عەلی لە دەستپێکی ڕۆمانەکەیدا، زیندانیکردن و ئەشکەنجەدان و دەربازبوون لە زیندان دەکاتە بنەمای دروستکردنی کارەکتەری سەرەکی، پاشان فاکتەری خۆشاردنەوە دەبێتە ئەمرێکی واقیع و زنجیرەی ڕووداوەکانی لەسەر هەڵدەچنێت

3.بەشی دووەم

جۆری کارەکتەر لە گێڕانەوەی ڕۆماندا

یەکەم : جۆرەکانی کارەکتەر بەپێی ڕۆڵ و کاریگەرییان لە ڕووداوەکاندا

تۆێژەران لە تۆێژینەوەکانیاندا بایەخیان بە کارەکتەری گێڕانەوە داوە، چونکە توخمێکی گرنگی گێڕانەوەیە، کە تەواوی جەستەی ڕۆمانەکە دادەپۆشن و جوڵە بە ڕووداوەکان دەکەن، هیچ کارێکی گێڕانەوە، یان چیرۆک تەواو نابێت بەبێ هەبوونی کارەکتەر، چ ڕاستەقینە بێت یان خەیاڵی، بەپێی ڕۆڵی بەشداری و هەڵسوکەوتیان بە ڕووداوەکانی ڕۆمانەوە، دەتوانرێت پۆلێن بکرێن بۆ سەرەکی و لاوەکی:

3.1 کاراکتەری سەرەکی:

کارەکتەری سەرەکی جەمسەری یەکەمە، لە ڕۆماندا سەرنجی دەخرێتە سەر و ڕووداوەکان و گێڕانەوەکانی لەسەر چڕ دەبێتەوە. (چیرۆک، یان ڕۆمان بەبێ بوونی کارەکتەری سەرەکی دروستنابێ، چونکە ئەو توخمی بنەڕەتییە، کە ڕووداوەکان بە دەوریدا دەسوڕێنەوە و بەردەوام ئامادەییەکی دیاری هەیە)(طخة، سعیدات، 2022-2023، 8)، واتە کارەکتەری سەرەکی دەبێتە چەق و هەڵسوڕێنەری ڕووداوەکان و جوڵە و ململانێی لەسەر چڕ دەبێتەوە. لەلایەن ئەوەوە (چالاکییە جۆراوجۆرەکان دەست پێدەکەن، بەو پێیەی ڕۆڵی ئەو لە دەوڵەمەندکردنی ڕووداوەکان و گەشەکردنیاندا دیارە و پشتگیری لە بیرۆکەیەک دەکات. ڕەنگە گرنگترین شت، کە ئەم کارەکتەرە جیا بکاتەوە، ئەو جەمسەرەیە، کە ڕۆمانەکەی لەسەری بنیات نراوە)(کتوب، 2004، ١٦)، کەواتە کارەکتەری سەرەکی لە پەیوەندی بەردەوامی لەگەڵ ڕووداوەکاندا و بەیارمەتی کارەکتەرە لاوەکییەکان گەشە دەکات و ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕێت لە تووندوتوڵکردنی ڕووداوەکان و گەشەیان پێدەدات و توانای سەرسوڕهێنەر لە دروستکردنیاندا نیشان دەدات.

زاراوەی (کارەکتەری سەرەکی) فرە ڕەهەندە، بۆیە لەلایەن زانا و ڕەخنەگرانەوە، کۆمەڵێک زاراوەی هاوشێوەی دیکەی بۆ دانراوە، وەک (ئاڵۆز، گەشەسەندوو، چڕ، فرەڕەهەندە و گۆڕاو، ئەم فرە

زاراوەیەیە لە دیدگای ڕەخنەیی جیاوازەوە سەرهەڵدەدات بۆ تێگەیشتن لەم کارەکتەرە جەمسەرییە)(سعاد، ٢٠١٧-٢٠١٨، ١٤).

کارەکتەری سەرەکی (ناوەند)، کارەکتەرێکی هونەرییە و خاوەنی خەسڵەتێکی جیاوازە، کە لە کارەکتەرەکانی دیکە جیادەکرێتەوە، ئەویش ئەوەیە کە بە درێژایی ڕۆمانەکە کارلێک لەگەڵ ڕووداوەکاندا دەکات. (ڕۆمانووس لە ڕۆمانەکەیدا هەڵسەنگاندن بۆ کارەکتەری سەرەکی دەکات و لە ڕێگەی ئەوەوە، ئەو بیرۆکە و ناوەرۆکە داگیردەکات، کە دەیەوێت بە خوێنەری بگەیەنێت)(بوشبوط، 2018-2019، 126)، لەهەمانکاتدا تایبەتمەندیی دەروونی و جەستەیی هاوئاهەنگ لەگەڵ ڕووداوەکانی ڕۆمانەکەی پێدەبەخشێت و لەمیانی وەسفی حیکایەتخوانەوە بەدیار دەخرێت و نووسەر ڕۆڵی سەرەکی بەڕێوەبردنی ڕووداوەکانی دەداتێ و تاوەکو کۆتایی ڕۆمانەکە قسە و باسی لەسەر دەکات.

بەختیار عەلی لە ڕۆمانی (جەمشیدحانی مامم کە هەمیشە با لەگەڵ خۆیدا دەیبرد)، بە ڕوونی ئەوە نیشاندەدات، کە کاراکتەری سەرەکی جەمشیدخانە، بەو پێیەی بۆتە میحوەر و بزوێنەری سەرەکی ڕووداوەکان و کۆنترۆڵی کارەکتەرەکانی دیکە دەکات. نووسەر جەستەیەکی سوک و سەرنجڕاکێشی وای پێبەخشیوە، کە لەگەڵ واقیعی ڕووداوەکانی ڕۆمانەکەدا بگونجێت. لەهەمانکاتدا کارەکتەرە لاوەکییەکانی (من و سمایل)، وەکو هاوکار و یارمەتیدەریی هەمیشەیی جەمشید خانن و زۆربەی کات ئامادەییان هەیە، هەر لە سەرەتای ڕۆمانەکەوە تاوەکو کۆتایی.

- سەرفراز خانی باوکم - جەمشیدی مامت هەمیشة و لة هةر شوێنێك بێت ئێویستی بة ئێوةیة، نابێت هیض کةمتةر خةمییةك لة خزمةتكردن و هاوكاريدا بنوێنن، ضونكة ئةو بؤتة ئياوێكى لاواز كة با هةميشة لةطةلأ خؤيدا دةيبات). ل 8.

3.2کارەکتەری لاوەکی: -

کارەکتەرە لاوەکییەکان ڕۆڵی سنورداریان لە ڕۆماندا هەیە، بەڵام ڕۆڵی گەورە دەگێڕن لە یارمەتیدانی کارەکتەری سەرەکی و بەستنەوەی بە ڕووداوەکانەوە. (گرنگی کارەکتەرە لاوەکییەکان بەپێی نزیکی و دووریان لە کارەکتەری سەرەکی و کارەکتەرەکانی دیکە دێت، هەروەها ڕۆشنایی دەخەنە سەر لایەنە شاراوەکانی کارەکتەری سەرەکی و کاردەکەن بۆ دەستکاریکردنی ڕەفتارەکانیان... کارەکتەرە لاوەکییەکان بەشداری ڕووداوەکان دەکەن و جێگا و ڕۆڵی خۆیان لە ڕۆمانەکەدا هەیە (طخة، سعيدات، 2022-2023، 9)، واتە کارەکتەری لاوەکی ئەو کەسەیە کە تیشک دەخاتە سەر دیوە تاریکەکانی کارەکتەری سەرەکی و بە ڕووداو و ڕێڕەوی کارەکەیان ، هەندێکیان چالاک و یاوەری کارەکتەری سەرەکین و !دەبەستێتەوە تاوەکو کۆتایی ڕۆمانەکە ناویان دیارە و بەردەوام بوونیان هەیە، بەشێکی تریان بەپێی پێویستی ڕووداوەکان بەشداریان پێدەکرێت، جا ناویان دیار بێت، یاخود نادیار، (بە شێوەیەکی گشتی کارەکتەری لاوەکی ڕۆڵێکی تەواوکەر و ڕووکەش دەگێڕێت لە یارمەتی کارەکتەری سەرەکی، چونکە لە شێوەی پێکهاتەی گێڕانەوەدا سەرنجی گێڕەرەوە وەرناگرێت، زۆرجار لایەنێکی ئەزموونی مرۆڤ پێشکەش دەکات و تکلیفکراوە بە کردارێ قۆناغبەندی ڕۆمانەکە)(سعاد، 2017-2018، 15). لەگەڵ ئەوەشدا کارەکتەرە لاوەکییەکان ڕۆڵی بەرچاو دەگێڕن لە فراوانکردنی ڕووداوەکانی ڕۆمان و ((ڕووداوەکان چالاك دەكەن و گەرم و گوڕيان پى دەبەخشن و دەيانخەنە حالەتێكى نوێ و جياواز لە حالەڵەتى پێشووتر، جا ئەو حاڵەتە نوێيە ئيجابى بێت ياخود سلبى، گرنگ نييە))(عبدالله، 2003، 12). لەوانەیە (ڕۆڵی ئەو کەسە لاوەکییانە بەڕێژەیەکی زۆر کەم لە ڕۆڵی کارەکتەری سەرەکی کەمتر بێت، یاخود لەوانەیە هەندێك کارەکتەری لاوەکی تر هەبن، کە زۆر ساده و ئاساین و هیچ ڕۆڵێکی وایان نییە و لە هیچ گۆڕان و بەرەو پێش چوونێکدا دەور نابینن، بوون و نەبوونیان وەك یەك وایە، بەڵام ڕۆمان بریتیە لە "کێشانی وێنەی ژیان بەشێوەیەکی هەمەلایەنە. ژیانیش هەموو جۆرە کەسێکی تێدایە، هەرچەند وادەبێت لەناو ئەو کەسانەدا یەکێکیان لە هەموویان زیاتر دەردەکەوێت و ناوبانگ پەیدا دەکات، بەڵام لەهەمانکاتدا زۆر لەکەسانی تریش هەست بەبوونی خۆیان دەکەن و ڕۆڵ و کاریگەریان لە ژیاندا هەیە و لە بوونیاندا بەرەو پێش چوون ڕوو دەدات)(محمد، 2008، 300)، واتە جیهانی ڕۆمان وا پێویست دەکات، چەندین جۆر کارەکتەری تێدابێت، هەندێکیان ئەکتیڤن و دیار و بەرچاون و ناویان هاتووە. هەندێکی تریان، نا ئەکتیڤن و ناویان نەهاتووە، وەك: (باوك، دايك، برا، خزم و كەسوكار، پاسەوان و ئەفسەر، ئاسايش و بازرگان..). کە دەکرێت بە کارەکتەری تەخت ناوبیان ببەین.

لە ڕووی زاراوەییەوە توێژەران کۆمەڵێک زاراوەی هاووتایی دیکە بۆ کارەکتەری لاوەکی بەکاردێنن، وەک(ڕووکەش، تەخت، جێگیر، ئیستاتیک، یەک ڕەهەندی، ڕەق و نەرێنی)، ئەم فرە زاراوەییە لە مانا ماناسازییە بەرهەمە خەیاڵییەکاندا زۆر لەیەک دەچن و بەو پێیەش دکتۆر عەبدولمەلیک مورتەزا پێی وایە کە ئەم جۆرە هاووتایانە ماناکانیان لێکەوە نزیکە و یەک شتن (مرتاض، ١٩٩٨، ٨٩).

ئەو خەسڵەت و تایبەتمەندییانەی، کە ئەم کارەکتەرانەی پێ دەناسرێت، لەوانە پابەندبوون بە یەک بیرۆکە و فۆرمولەیەکی نەگۆڕەوە، جگە لەوەش دەتوانرێت بە ئاسانی بناسرێتەوە بەبێ هەروەها کاریگەریی و پێویست ناکات زیاتر لە جارێک بخرێتەڕوو، پێویستی بە وردبینی نییە بۆ ئەوەی گەشە بکات، بەڵکو لە سەرەتای ڕۆمانەکەوە تا کۆتاییەکەی وەک خۆی دەمێنێتەوە (نانسی کرێس) لە توێژینەوەکانیدا، بۆی دەرکەوت ئەمجۆرە کارەکتەرە هەندێکجار یەک پاڵنەر و ئامانجێکی جێگیر و دیاریکراوی هەیە(کتوب، 2004، ٥٤).

هەندێکجاریش کارەکتەرە لاوەکییەکان ئەرکێکی تریشیان پێدەسپێردرێت، کە (دەبێتە قسەکەر بەناوی نووسەرەوە، واتە نووسەر ئەو کەسە لاوەکییانە بەکاردەهێنێت، وەك دەمامكێك، كە ڕووداوەكانى ژيانى خۆى بەهۆى ئەو كەسە لاوەكييانە دەخاتە ڕوو)(عبدالله، 2003، 11)، ئەگەرچی ئەو کەسە لاوەکییانە سادەو ساکارن ڕۆڵێکی سەرەکی ناگێڕن لە ڕووداوەکاندا، بەڵام وەکو پێویستیەکی گرنگی ڕۆمان دادەنرێن.

ئەگەر سەرنج بدەینە ڕۆمانی (جەمشید خانی مامم)، کۆمەڵێک کارەکتەری لاوەکی دەدۆزینەوە، کە ڕەنگە گرنگترینیان (من(سالارخان) و سمایل) بێت، زۆربەی کات ئەم کارەکتەرانە یاوەر و یاریدەدەری کارەکتەری سەرەکی (جەمشیدخان)ن و ڕۆڵی بەرچاو دەگێڕن لە پەرەسەندنی ڕووداوەکاندا، تەنانەت ڕۆمانووس لە ڕێگەی کارەکتەری لاوەکیی من (سالار خان)، بەشداری دەکات لە هەڵسوراندنی ڕووداوەکانی ڕۆمانەکەیدا.

کاتیک عێراق تووشی شەڕ دەبێت لەگەڵ ئێراندا، جەمشید خان دەخرێتە بەر خزمەتی سەربازی، بە هۆی جەستەی سووکی

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/, Volume:** [2], **Issue:** [2], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12324]
- **Submission Date:** [15/02/2026], **Revised Date:** [15/02/2026], **Accepted Date:** [05/11/2026], **Published Date:** [30/06/2026]

بانگهێشتی لای وەزیری بەرگری عێراق دەکرێت، لەوێ دوو یاوەری بۆ دیاری دەکەن:

- جەمشید لەویادا جطة لة من و سمایلی مامم هیضی دی بة بیردا نایەت، داوا لة وەزیر دەکات ئیَمة ببین بة یاوەری و لەطەلَیدا بڕۆین بۆ طۆرِەثانی شەڕ، بەهانەشي ئەوەیة کەسي دی وەك من و سمایل ناتوانیَت لەنطەڕی ئەو لة ئاسماندا ڕابطریَت، بەوجۆرة من و سمایل طەڕضی هیَشتا کاتی سەربازیمان نەهاتبوو، لة تەمەنی شازدة ساڵیەوة بووینة یاوەری ڕِەسمی جەمشید و ڕِوومان لة بەرة ترسناکەکانی جەنط کرد. ل 26.

دوای کەوتنە خوارەوەی جەمشید لە بەرەکانی جەنگ و لە دیوی ئیَران دەکەوێتە دەست هێزەکانی ئیَران، ئەوانیش هەمان کاری فڕین بە جەمشید خان ئەنجامدەدەن و دوو یاریدەدەری بۆ دیاری دەکەن:

- ئیَرانییەکان طویَیان بەقسەکانی خان نەدابوو، بەڵام لوتفیان نواندبوو و لەسەر داواکاری خۆی دوو یاریدەدەری هەمیشەییان خستبووة خزمەتییەوة، کة ناویان (غولام ڕەزا تاهیری) و (حوسەین عەلی فەسحی) بوو، کة دوو طەنجی خۆش ڕِوو دەبن، هەردووکیان عەرەبی بەباشی دەزانن و کاریان بەسەرێَك قایمکردنی ئەتەکان و بەستێکی دی وانەدادانی فارسی و ڕِوونکردنەوەی خەتی ئیمامة بۆ جەمشید... ل 45.

لەگەڵ هەر هەلومەرج و بارودۆخێکی هەرێمی کارەکتەری لاوەکی دیکە، وەک (غولام ڕەزا تاهیری) و (حوسەین عەلی فەسحی)، دەبنە یاریدەدەری کارەکتەری سەرەکی، واتە کارەکتەری سەرەکی بەبێ یاریدەدەری کارەکتەرە لاوەکییەکان ناتوانێت هیچ ڕووداوێک ئەنجام بدات. لە سەرەتاوە تاوەکو کۆتایی ڕۆمانەکە کارەکتەری لاوەکی یاوەری دەکەن و بەشدارن لە چالاککردن و فراوانکردنی ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە.

دووەم : جۆری کارەکتەر بەپێی سروشتی پێکهاتە و بنیاتی کەسایەتییەکان

گرنگی کارەکتەر لە ڕۆماندا بەهۆی بەکارهێنانی شێوازی ڕۆماننووسەوە بەرجەستە دەبێت. کاتێك هەوڵی دیاریکردنی هەر ڕۆڵێک دەدات، دەیخاتە ئەستۆی کارەکتەرێکی ڕۆمانەکە، ئەویش بەپێی سروشتی پێکهاتە و بنیاتی کارەکتەرەکانی ناو ڕۆمان دەکرێن بە چەندین جۆرەوە، کە بریتین لە کارەکتەری (پەرەستێن، گۆڕاو، گەشەکردوو، جوڵاو، ئاڵوز) و کارەکتەری (پەرەنەستێن، تەخت، سادە، یەک ڕەهەند، جێگیر، نەگۆڕ،) هەر کارەکتەرێکیش تایبەتمەندی و خەسڵەتی خۆی هەیە (سعاد، 2018-2017، 17). (ئی0 ئم 0 فۆرستەر، سەبارەت بە دیاریکردنی ئەم دوو جۆرە کارەکتەرانە، دەڵێت: (بەهۆی ئەو پێوەرەی کە لە هەڵوێستی ئەو کەسایەتییەدا دەردەکەوێت، دەتوانین پرسیار بکەین، کە ئەو کەسە کارەکتەری پەرەستێنە یان سادە، لە کاتێکدا ئەو کارەکتەرەی، کە لەپڕ دەردەکەوێت، ئەگەر باوەڕمان بە کەسایەتیەکەی کرد، ئەوە کارەکتەری پەرەستێنە، بەڵام ئەگەر باوەڕمان بە کەسایەتیەکەی نەکرد، ئەوە کارەکتەری سادەیە)(حوسێن، 2010، 229). بەشێوەیەکی گشتی کارەکتەر لە ڕۆماندا بەپێی سروشتی پێکهاتن و بنیاتی کەسایەتیان دەبنە دوو جۆر، ئەوانیش کارەکتەری (پەرەستێن) و (پەرەنەستێن):-

3.3کارەکتەری پەرەستێن (گۆڕاو – گەشەسەندوو، دینامیکی):

ئەو کارەکتەرەیە، لە ناو ڕۆماندا لەیەك دۆخدا نامێنێتەوە، بەڵکو گۆڕانی بەسەردا دێت و گۆڕانەکەش ڕِیشەییە، واتە ئەو گۆڕانە سەرتاپایە و لایەنێك لە لایەنەکانی ژیانی کارەکتەرەکە لەناو دەقەکەدا دەگۆڕێت، مەبەست ئەوەیە هەڵوێست و کردار و بیروباوەڕی کارەکتەرەکە بەپێی ئەو پێشهاتە نوێیەی دێتە ڕِێی دەگۆڕێت، ئەو هەڵوێستە نوێیەش پێویستی بە زەمینە سازکردن هەیە.

ئەم جۆرە کارەکتەرە سەرەکییە، بە گۆڕانی لەناکاو دەناسرێتەوە، کە کاریگەریی لەسەر ڕِووداوەکان هەیە، واتە کارەکتەرەکە لەو ڕۆڵەی تێیدایەتی دەگوازێتەوە بۆ ڕۆڵێکی نوێتر. ئەم جۆرە کارەکتەرانە لە ڕۆماندا پەسند نین چونکە ڕۆڵی کارەکتەری فرە ڕۆڵ دەگێڕێت، لە نێو پێکهاتەی گێڕانەوەیەکی تاکدا (سعاد، 2018-2017، 21). واتە ئەم جۆرەکارکتەرانە، ناجێگیرن و لە یەک حاڵەتدا بە جێگیری نامێننەوە، وەرگرەکەش ناتوانێت پێشوەختە بزانێت کە کۆتاییەکەی چییە، چونکە بارودۆخەکان دەگۆڕن و قۆناغەکەش دەگۆڕن.

عزەدین ئیسماعیل لە کتیبی (الأدب والفنون)دا، پێناسەی ئەم جۆرە کارەکتەرەی کردووە و دەڵێت: ئەو کارەکتەرەیە، کە بە درێژایی چیرۆکەکە دروست دەبێت و لە دۆخێکەوە بۆ دۆخێکی تر پەرەدەستێنێت و لەهەر بارودۆخێکدا بە ڕەفتارێکی نوێوە دەردەکەوێت، خوێنەر دەتوانێت وردە وردە لە ڕِێگەی ڕِووداوەکانی ڕۆمانەکەوە هەست بە ڕۆڵی نوێی ئەو کارەکتەرە بکات، کە دووبارە کارەکتەرەکە بەرەبەرە لەگەڵ پەرەسەندنی ڕِووداوەکانی ڕۆمانەکەدا دووبارە گەشەدەکاتەوە، ئەم گەشەسەندنەش دەرئەنجامی کارلێکی بەردەوامی ئەم کارەکتەرەیە لەگەڵ ئەو ڕِووداوانەی کە ڕِوودەدەن(طخة، سعيدات، 2022-2023، 10).

4. لێرەدا باس لەو فرە ڕۆڵییە دەکەین، کە نووسەر بە جەمشیدخانی داوە:

جەمشید لەدوای هەڵهاتنی لەزیندان و پەیدابوونی توانای فڕین، لە یەک دۆخی جێگیردا نامێنێتەوە، بەڵکو چەندین جاردەفڕیت و دەکەوێتە خوارەوە، لەگەڵ هەر کەوتنە خوارەوەیەکدا بۆچوون و یادەوەری لەدەست دەدات و واز لەو باوەڕ و ئایدۆلۆجیایە دێنێت، کە باوەڕی پێی بووە و بە ڕۆڵێکی نوێوە دەردەکەوێتەوە، پێش زیندان کۆمۆنیست بوو، دوای فڕین و کەوتنە خوارەوەی یەکەمی ئیدی بیری کۆمۆنیستی نامێنێت، هەروەکو لە ڕۆمانەکەدا هاتووە:

- جەمشید لة بیریَتی تا لة ئاسماندا بوو هةر کؤمؤنیست بوو، بةلآم هیَندةی لةو سةربانةدا نیشتةوة، ئیدی کؤمؤنیست نامیَنیَت. بایةك کة جةمشید لة باشووڕةوة بؤ باکوور هةلَدةطڕیَت، ئةوة لة بیر جةمشید دةباتةوة کة جاران ضی بووة .... زؤرجاری دیش کة با جةمشید دةبات، هیَندةی دةطاتةوة سةر زةوی شتیَکی طرنطی تیا دةطؤڕیَت و خولیایةکی قوولَ و شیَتانةی تیا وةردةطةڕیَت، جار دوای جاریش و لةطةلَ هةموو کةوتنةخوارةوةیةکدا بةشیَکی یادةوةرییةکانی وندةبن و هةندیَکی کالَتر و کالَتردةبنةوة. بة جؤرِیَك دةکریَت بلَیَم ڕِةنجی نووسینةوةی ذیانی ئةم ئیاوة، کة هةڕطیز یادی نامیَنیَت ضیبیة و ضی بووة، هةندیَجار بیَهودة دیَتة بةرضاوم. ل 6.

لێرەدا نووسەر فرە ڕۆڵی جەمشید وەک هێما بەکاردەهێنێت، تاوەکو لەم ڕێگەیەوە باس لەتاکی کورد بکات، کە هەردەم مرۆڤێکی خۆش باوەڕبووە و لەکاتی سەرقاڵکردن بە بابەتێکی دیکە، ئەو بابەتەی کە خۆی باوەڕی پێیبووە لە بیری دەکات.

کاتێکیش جەمشیدخان لە خزمەتی سەربازی ناو سوپای عێراقدایە، لە فڕینەکانیدا هەوڵدەدات خاڵە نهێنییەکانی سوپای ئێرانیان بۆ ئاشکرا بکات، دەستکەوتی بێوێنە بۆ سوپای عێراق بەدیدەهێنێت، لێرەوە بە (ئەفسانە کوردە باڵدارەکە) لەو سوپایەدا ناوی بڵاودەبێتەوە:

- مامم لە باکورەوەترا تەواوی ئەو خاڵە نهێنی و مۆڵطە شاردراوانەی ئێرانییەکانی دۆزیبووە کە دەبوو لە ئەلامارى سبەیدا بیخاتەکار، ئەو شەوە لە دەمەو بەیانەوە و بە درێژایي ڕۆژیش تۆڤخانەکانی عێراق و فڕۆکە جەنطیبەکانی سوثا ئەو شوێنە نهێنیانەیان کوتا کە مامە جەمشیدم دەستنیشانی کردبوون. ئەوە وایکرد ئەلانی ئێرانییەکان لەو قۆڵەوە ماوەیەکی درێژ دوابکەوێت. ستەرفەیلەق بەدەستکەوتەکانی وەها خۆشحاڵ بوو دووجار باوەشی بە جەمشیددا کرد و طووتی (نیشتیمان قەرزاربارى تۆیە). لەوێوە ئەفسانەی کوردە باڵدارەکە بە هەموو سوثادا بڵاوبووەوە... ڕاستیەک کە تا دەمێکی درەنط ئێرانییەکان هەتا بەیەکێک لە درۆ و خورافەتە باو و بڵاوەکانی ناو جەنطیان دەزانی. ل 32.

هەروەها دوای کەوتنە خوارەوەی جەمشید لە بەرەکانی جەنگ و لە دیوی ئێران، دەکەوێتە دەست هێزەکانی ئێران، ئەوانیش هەمان (یاری)، واتە کاری فڕین بە جەمشید خان ئەنجامدەدەن، ئێرانییەکان بۆ بەرزکردنەوەی وڕەی سوپاکەیان جلی ئیمامەتی لەبەردەکەن و وەکو (ڕوحیانەتی ئیمام حوسەین)، نیشانی سوپاکەیانی دەدەن:

- کە ئێرانییەکان جەمشید خانیان طرت، نەیان کوشت. ... ئێرانییەکان هەمان یارییان بە مامە جەمشیدم کرد، کە عێراقییەکان کردیان، نەوەك هەتر ئەوە، بەڵکو زۆر جلی ئیمامەتیشیان لەبەتر دەکرد و لەسەتر هێزەکانی خۆیان بەرزیان دەکردەوە و لەناو سەرباز و بەسیج و ئاسدارانداً دەیانکردە هەڵآ و دەیانطووت (ڕەزمەندطان... ڕەزمەندطان... بروانن ئەوە ڕۆحیانەتی ئیمام حوسەینە، لەسەرەوەترا دەمانثاریزێت). ل 44.

دوای شەش مانگ لە ڕزگاربوونی هەموو شارەکانی باکوور لە دەست سەدام حوسەسێن و نەمانی ترس لەو ڕژێمە، جەمشید خان بە یاوەری (من-سالا) و (سمایل) لە (بارانۆك)ەوە گەڕانەوە ناو شار و پاش باش بوونی ژیان و گوزەرانی، وەکو (خانمباز)ێک دەردەکەوێت:

- طۆڕانێکی طەورە کە بەسەتر مامە جەمشیدم هات ئەو مەڵی و ئارەزووە سەیرەی بوو بۆ تێکەڵبوون لەطەڵآ خانماندا. جەنێك کە لە میوانخانە طەورەکەی باثیرەدا لە دەستێك جلی کوردی و بە مشکییەکی طەورەوە بینیم، ڕێبطووتم، ئەو لە سیازدە سالّی ڕابردوودا هەموو ذیانی بە هەموو ضرکة شاد و ترسناکەکانییەوە لەناو ثیاواندا بردۆتە سەتر، ئێستا کاتی ئەوە هاتووە ئاراستەیەکی نوێ بدات بە زیندەطی و کاتی خۆی بۆ طوێطرتن لە ذنان تەرخان بکات، کە تاکە مەخلوقاتی دونیان ئەوە دەهێنن ثیاو کاتیان لەطەڵدا بباتە سەتر. ل 61.

دوای زەماوەندی لەگەڵ سافیناز و پلاندانانی سافیناز و خۆشەویستە کۆنەکەی (ئیحسان بایەزید)، لە شەوێکی باراناوی و گەردەلوولدا جەمشید خان ناچاردەکەن، کە بفڕێت، بۆ ئەوەی خۆیان بەرەو هەندەران ڕابکەن:

- هەمان ئەو ضیرۆکة بوو کة من ضاوەڕوان بووم سافیناز دروستی بکات و دروستی کرد. لة شەوێکی باراناوي و طەردەلوولدا سافیناز جەمشید خانی ناضارکردبوو بفرێت و خۆی عەشیقەکی لة خوارەوة تا توانیانبوویان بەرەو بالآ هەڵیاندابوو بۆ جێطایەك کة با بتوانێت زۆر زۆر دوور هەڵبیطرێت و نەطەڕێتەوة.

دوای ئەو شەوة جەمشید خان تا سالێك هەوالّی بڕا، ل 77.

دوا هەڵدانی جەمشید خان لەلایەن سافیناز و ئیحسان بایەزیدەوە، گوژمێکی بەهێزی زریان ڕووەو باکور هەڵیدەگرێت و لە نزیک بنکەیەکی گەریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە)وە دەبدات بە زەویدا، ئەوانیش هەڵی دەگرنەوە و بە (مەزڵوم خان) ناوی دەنێن، کاتێک بۆیان دەردەکەوێت مەزڵوم خان دەتوانێت بفڕێت، لە جەنگە خوێناوییەکاندا، بۆ ئاشکراکردنی خاڵە نهێنییەکانی سوپای تورک و جاشەکوردەکان بەکاری دەهێنن:

- ئەو شەوەی جەمشید تیاون دەبێت و با لەطەڵآ خۆیدا دەبات، طوذمی بەهێزی زریان ڕووەو باکور هەڵیدەطرێت و لة ضیا دوورەکان، لة نزیك بنکەیەکی طەریلاکانی ثارتی کرێکارانی کوردستان (ثەکەکة) وة دەیدا بة زەویدا. دەمەو بەیانێکی سارد و تەڕ دوو کیذة طەریلا نیوەمردوو دەدۆزنەوة، ثیاوێکی بێکێش کة هەتا ناوی خۆشي لەبیر نەماوة و تەنیا شتێك لة یادێتی ئەوەیة کة دەتوانێت بفرێت و دەشزانێت ناوەکەی بة وشەی خان کۆتایي دێت، ضونکة ناوی تەواوی خۆی نازانێت، طەریلاکان بة مەزڵوم خان ناوی دەبەن و لای خۆیان طلیدەدەنەوة. طەریلاکان بة هیوای ئەوەی یادەوەری بطەڕێتەوة شوێنی خۆی، ماوەیەکی درێژ دەرمانی دەکەن و دەیخەنة بەر خزمەتی تایبەتی، بەڵآم هەوڵەکانیان بێسود دەبێت. کاتێك دەبینن مەزڵوم هەر بەڕاستی دەتوانێت بفڕێت لة جەنطة خوێناوییەکانی خۆیاندا لەطەڵآ سوثای تورك و جاشة کوردەکاندا بەکاریدەهێنن. ئیدی خانی مامم وای لێدێت وەك وەڵآتێکی ڕاستەقینة ناوی دەڕوات و هەر وەك کوردێکی تونددڕەویش بیردەکاتەوة. ل 79.

دوای گەڕانەوەی جەمشید خان لە ناو گەریلاکانی پەکەکە، دەستدەکات بەخواناسی، کاتێکیش دەگەڕێتەوە بۆ ئایینی ئیسلام و دەبێتە مەلا و بە ڕیشێکی درێژەوە خەریکی قورئانخوێندن دەبێت و فتوا دەدات.

- جەمشید خان ئەمجارة سروشتێکی دەرویَشئاسا و زاهیدی وەرطرتبوو، هیض شتێکی لەو ثیاوة نەدەضوو کة سەردەمێك ماركسي و سەردەمێك سەرباز و دەمێکی دیش خانمباز بوو، ئێستا بة جیدییەتێکی بێوێنەوة دەبویست لة خودا نێبطات. ل 82.

- جەمشید لەزەتێکی زۆری لەو ڕۆلّة دەبینی کة دەیطێڕا، هەمیشة ڕیشة درێذەکەی بة شانة دادەهێنا و جبەیەکی ڕەشی لەخۆیەوة دەثێضا و زۆربەی کات لة ذوورەکەی خۆیدا خەریکی خەتمکردنی قورئان بوو. ناوبانطی لەناو خێزان و دەرودراوسێ و خەڵکی بازاردا تا دەهات باشتر دەبوو. هەر ثرسیارێکمان لێکردبایة بة ئایەتێکی قورئان وەڵآمی دەدایەوة... ل 88.

سەفەری جەمشید خان بۆ ئەستەمبوڵ و دەرەوەی وڵات. جەمشید خان لە مەلایەکی قورئان خوێن و فتوا دەرەوە بۆ کەسێکی یانەی شەوانە و تێکەڵاوبوونی لەگەڵ سۆزانییەکانی ئەستەمبوڵ:

- هەفتەیەك دوای دەرضوونی لة خەستەخانة، دوا شتێك کة مابووی خانوویەکی ضکۆلانەبوو، ئەوەی فرۆشت و بة ثارەکەی تەدارەکی سەفەری ئامادەکرد و جلی نوێي بۆ خۆي و من و سمایل کڕی و طوتی

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/, Volume:** [2], **Issue:** [2], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12324]
- **Submission Date:** [15/02/2026], **Revised Date:** [15/02/2026], **Accepted Date:** [05/11/2026], **Published Date:** [30/06/2026]

(كاتى ئةو هاتووة برؤين و لة ولآتيَكى دى شانسي خؤمان تاقيبكةينةوة). ل 92.

- ئةو شةوة لةو شةوانةبوو، كة دةيويست كةيفبكات و بذى، طةرضى ثيَشتر نةمديبوو بخواتةوة، بةلآم بيَباك يةك لةسةر يةك شةرابي هةلَدةثضري و هةلَيدةدا، كة لاى من هةم ترسناك و هةم بيَئاوةزى بوو، ضونكة من بزانم جةمشيد توانا لةشي خؤى لةسةر مةى تاقى نةكردبووةوة. سةير بوو لةلام كة خان ئةو شةوة بيَباك دةيخواردةوة و كةضى جطة لة مةستييةكى خؤشهةوا كارى ديكةى تيَ نةدةكرد. فةيسةلأ دواجار من و جةمشيد خانى برد بؤ مالَيَك ثربوو لة كضى زؤر طةنج و جوان و طوتى ئيَرة ناوازةترين جيَطاى ئةستةمبوولَة و دةتوانين لةطةلأ ض كيذيَكدا دةمانةويَت بخةوين، ... جةمشيد خان ئةو شةوة ضووة ذووريَ و تا دةمةوبةيان نةهاتة دةريَ، من لة دةرةوةى خانووةكة و لةسةر شةقامةكة وةستام و تةنيا سةيرى رِيَبوارةكانم دةكرد. ل 99.

لَيرةدا كارةكتةرى سةرةكى لةگةلّ هةر بارودؤخ و ثيَشهاتيَكى نويَدا گفتارو رةفتارى دةگؤرِيَت، چونكه خاوةنى ئايدؤلؤذيايةكى چةسپاو و جيَگير نييه و ذيرانه رِةفتار ناكات و رِابردووى خؤى لة بير دةكات و خؤيدةداته دةست واقيع و ثيَشهاتة نويَيةكة.

كاتيَكيش لة ئةستةمبولّ دةبيَتة رِيَبةرى قاچاخچيى، هةموو هيَلّة نهيَنييةكان و كةمينةكان ئاشكرادةكات و وةك (قاچاغچييةكى بالّدار) ناوى دةردةكات:

- بةسةركةوتنيَكى بيَوينةوة يةكةمين طروثمان لة توركياوة بردة ناو يؤنان ... بةوة جةمشيد وةك قاضاغضييةكي بالّدار ناوى دةركرد و بازارِمان كةوتة طةورةبوونيَكى وةها لة ويَزةى نةدةهاتين. ل 107.

دواى شةركيَشييةكى زؤر و وةك قاچاغچييةكى بالّدا دةكةويَتة كةمينى جةندرمةكانى تورك، يةتةكةى بةرةلّا دةبيَت و با دةيفريَنيَت، لة باكورى (لاڤاريؤن) لة هةريَمى (ئةتيكا)ى يؤنان دةكةويَتة خوارةوة و دوو كورِة كريَكارى كورد، كة لة ئةسينا دةذين، دةيناسنةوة كة ئةمة قاچاغچييه بالّدارةكةيه، بؤيه لة تابووتيَكدا لة ئةسيناوة دةينيَرنةوة بؤ نيشتمان:

- دواجار نيوةرِؤيةكى طةرمى هاوين، ئاسمان لة باكووري (لاظاريؤن) لة هةريَمى (ئةتيكا) فرِيَدةدات و ثيَكابيَكى ميوةبةر، كة بةرةو ئةسينا دةطةرِيَتةوة لةطةلأ خؤيدا هةلَيدةطريَت و دييات بؤ بيمارستان.(ثياويَكى تةنك وةك ثةرِةى سيطار). ل 114.

- دوو كورِةكة بة هاورِيَيةكى خؤياندا كة بةردةوام لة خؤرئاواوة ماشيَنى طرانيةها دةباتةوة بؤ كوردستان، جةمشيد رِةوانة دةكةنةوة. كفنى لةبةر دةكةن و دةيخةنة ناو تابوتيَك و بة هةموو طريكستان و توركيادا دةينيَرنةوة بؤ نيشتيمان. ل 115.

ئاژانسةكةى جةمشيد خان، دواى گةرِانةوه جةمشيد لة يؤناوه بؤ نيشتيمان، ئاژانسيَك دادةمةزرِيَنيَت:

- خان ضةند رِؤذيَك لةسةر يةك ضوو بؤ لاى سمايل لة بنكةى رِؤذنامةكةيان، دةيطووت لةويَ بة تةواوةتى هةستدةكات دونيا ضةند طؤرِداوة و خؤرى ض دةور و زةمانيَكى تازة هةلَهاتووة. ل 122.

- ثيَدةضوو ئيشي رؤذنامةكة ماممى زؤر سةرسامكردبيَت، ثاش ضةند سةردانيَكى لةو ضةشنة بريارِيَكى سةيريدا، ئةويش ئاذانسيَكى نهيَنى و تايبةتى دابمةزرِيَنيَت. طووتى (هةم نهيَنى جيهان دةدؤزينةوة و هةم ثارةش ثةيدا دةكةين). لةو دةمةدا جةمشيد هيَلَيَكى ئةنتةرنيَتى راكيَشا بؤ مالَةوة، لة هةموو رِؤذنامة و طؤظارةكانى ولآتدا كة ذمارةيان لةسةروو هةزار بلاّوكراوة دةبوو بةشداريكرد، بةجؤريَك بةردةوام دةباية من بضم لة ضةند كتيَبخانةيةك ئةو طؤظار و رِؤذنامانة كؤبكةمةوة، كة رِؤذانة لة ليستيَكى دريَذدا دةينووسي. ل 123.

له كاتيَكدا جةمشيد خان دروشمى دامةزراندنى دةولّةتى سةربةخؤى لةناو ئةنتةرنيَتدا به گويَى خةلَكيدا دةدا، لةهةمان كاتدا له ئاسمانةوه چاوديَرى خةلَكى دةكرد و خةريكى دزينى دؤسييه و وينةگرتنى ژيانى تايبةتى و گويَگرتن بوو له قسةى خةلَكى، به ئامانجى بةدةستهيَنانى پاره.

- طووتى لة كاتيَكدا ئةو نزيكة لةوةى بة هؤى ئةو تؤرِة طةورةيةوة، كة دايمةزراندووة شتيَكى طةورة بؤ ميللةت بكات و دةولَةتيَكى كوردى ستربةخؤ لةناو ئينتةرنيَتدا دابمةزريَنيَت. ل 132.

- مامم لة ئاسمانةوة ضاوةديَرى جولَة و هاتوضؤى دةيان كةسي كردبوو، لةسةربانةوة دابةزيبووة ناو نوسينطةكانيان و دؤسييةكانى دزيبوون، لة ثةنجةرةوة ويَنةى ذيانى تايبةتيانى طرتبوون، طويَي بؤ قسة و تةلةفؤنيان رادير ابوو. لة ماوةيةكى كةمدا خةلَكانيَكى زؤر بووبوون بة قوربانى ئةو طةمة كوشندانةي ئةو. لةيلا و سمايل وةك خان خةونى لَيَخستبيَتن و كردبيَتنى بة ئاميَرى بضوك و بيَهؤشى دةستى خؤى، لة ثاليشدا بةشيَكى ئةو ثارانةى لةخةلَكانى دى وةدةستيهيَنابوو بةخشيبووى بة ئةوان. ل133.

دواى ئاشكرابوونى سةرةرِؤييةكانى ئاژانسةكةى جةمشيد، سمايل دةكوژريَت و جةمشيديش با بةرةو خؤرئاواى ولّات دةيبات و دةكةويَتة ناو مولّكى (شاسوار بةگى هيجرى):

- لة شةوى كوشتنى سمايلدا، با جةمشيد بةرةو خؤرئاوا دةبات و هةشتا كيلؤمةتر دوور لة شارى ئيَمة لة كيَلَطةيةكى خالَسدا دةيخاتة خواريَ. كيَلَطةكة مولّكى بةرثرسيَكى طةورةى ولآت بوو. دواتر جةمشيد طووتى (لة هةر جيَطايةكى ديكةشدا بكةوتبامايةتة خواريَ هةر وةكو يةك بوو، لةم نيشتيماندا مرؤظ لة هةرجيَطايةكى ئاسمانةوة بةربيَتةوة هةر دةكةويَتة ناو مولّكى مةسئوليَكةوة). بةرثرسةكة ئةندامى بيرؤى سياسي يةكيَك لة حيزبة طةورةكانمان بوو. ناوى (شاسوار بةطى هيجرى) بوو، زياتر هةر بة بةطى هيجرى بانطيان دةكرد، ئةو ثياوة وةها زةنطين و بة دةسةلآت بوو دةولّةتيَك بوو بؤ خؤى. ل 135.

ئةوةى ماممى هةلَطرتةوة كةسيَك بوو ناوى (غةفارى ظيديؤ)بوو. ئةو لة كاتي ويَنةطرتندا، جةمشيد خانى بةبيَهؤشي لة كونجيَكى مولّكةكانى بةطى هيجريدا دؤزيبةوة. ل 135.

- هةموو دةيانزانى شاسوار بةط ياسايةكى هةبوو دةقةكةى وةها بوو(ئةوةى لة مولّكى مندا بيَت ... مولّكى منة). ل 135.

- كة بردييانة بةردةم بةطى هيجرى و لَيَثرسي تؤ كيَيت و دةتوانيت ضى بكةيت، مامم طووتى (نازانم من كيَم، بةلآم دةتوانم بفرِم) بةطى هيجرى كة يةكةمجار ماممى لة ئاسماندا بينى وةختبوو لة سةرسامىدا ببوريَتةوة، لةو ثازدة سالَةى ثيَشوودا بؤ كاروبارى خؤي و حيزب تةواوى دونيا طةرِابوو، بةلآم عاجباتى واى لة هيض جيَطايةك نةبينيبوو، ئةو شةوة كة مامم دابةزى شاسوار بةط يةكسةر فةرمانيدا مامم لة شويَنيَكى قايمدا ديليبكةن نةبا بضيَتة خةيالَةوة و هةلَبيَت. ل 137.

- بةطى هيجرى بةوة نةوةستا لة بؤنةكانى خؤي و خزمانيدا بيخاتةطةر، دةشيداية هاورِيَ و دؤستان كة لة ئاهةنط و سةفا بةردةوامةكانياندا بؤ شتيَكى نوآ دةطةرِان، دةيدا بة حيزبة هاوثةيمانةكان تا لة كاتى كؤبوونةوة نائاسايي و كؤنطرةكانياندا كةيفى ثيَبكةن. جةمشيد لةو ماوةيةدا لة هةموو بؤنةكاندا بةشداريكرد، ذن و

منداڵی سیاسییەکانمان بە ناوی (مەیموونە بالدارەکە)دەیانناسی، ئەندامانی بیرۆکەی سیاسی حیزبیش ناویان نابوو (مەیموونە بەرزەفرەکەی نیشتیمان)، کە وەك بەطی هیجری تەفسیری دەکرد، ئەیوەندییەکی مەجازی لەطەڵ طوزارەی (هەڵۆ بەرزەفرەکانی نیشتیمان)دا هەبوو، لە سالآنی زوودا باوبوو. ل 139.

لێرەدا جەمشید خان، دەکەوێتە واقیعێکی دیکەی خۆنەویستانە، بە ناچاری بە ناوێکی نوێوە (مەیمونە بالدارەکە) و (مەیمونە بەرزەفرەکەی نیشتیمان) چیرۆکەکە بەرێوە دەبات.

گۆرینەوە و کڕین و فرۆشتنی جەمشید خان، بەگی هیجری نابەدڵ جەمشید بە تەلارێکی گەورە لەگەڵ مەجید ژیراندا دەدۆڕێنێت:

- بەطی هیجري نابەدلأ، وەك یەکێك کەنجینەیەك زێر بدۆڕێنێت، ماممی لة قومار دا دۆڕان. ل 141.

- دوای مانطێك مەجید ذیران داوەتی ذمارەیەك بەڕێوەبەری طەورەی کۆمثانیا تورکەکان دەکات، کة دوو باغی طەورة و شارێکی یاری و هەزاران یەکەی نیشتەجێبوونیان لة شارة طەورەکانی هەرێمة فیدراڵییەکەماندا بوونیادنابوو، ..... مەجید ذیران، خانێکی لاواز و نیوەهۆشیان بەستر میوانەکاندا بەرەو ئاسمان بەردا، .... لای میوانة تورکەکان شتێکی نەبینراو و سەیربوو، ئەو بەڵێندەرەیان، کة دەبوو ئیدارەی شاری یاریەکة بطرێتة دەست، دەمودەست خەیاڵی کرینەوەی خانیان کەوتة سەر، ضونکة دڵنیابوو ئەوەی دەیبینێت بابەتێکة دەتوانێت لة شاری یاریەکەکەدا دونیاي ژیجۆشێنێت. ل 143.

- ڕۆژێك لة یەکێك لەو کەنالآنەوة من جەمشید خانم لة قەفەزەکەیدا بینیەوة، دەستێك جلی لیبوکیان بة ڕەنطی ئالآکانی نیشتیمان لەبەرکردبوو و ضەژکێك طوڵی طەورەیان دابووة دەست و لة ناو قەفەزەکەدا طوڵەکانی ڕادەوەشاند. ل 143.

لێرەدا ڕۆماننووس، بابەتێکی نامۆ دەوروژێنێ، ئەویش بێ بەهایی و بێ ڕێزیکردنە بە مرۆڤ لەم هەرێمە فیدراڵییە، کە وەک کالایەک مامەڵەی پێوە دەکرێت، بێ ئەوە گوێ بە مرۆڤبوونی بدرێت.

دوای ڕزگارکردنی جەمشید لە قەفەسی شاری یاری، جەمشید بڕیاریدا بڕوات بۆ مەملەکەتێکی تر:

- ئەو شەوة کة بڕیاریدا بڕوات و نەطەڕێتەوة، بة خۆمان و هەزاران مەتر لة ڕایەڵەوة ضووین بۆ سەر بەرزترین لوتکەی نزیك شار، لەوێ بەرلەوەی بفڕیَت باوەشمان بەیەکدا کرد، جەمشید خان لەو سەر تروێکەوة سەیری دونیای کرد و هەناسەیەکی هەڵکێشا، من سەیرمکرد و طووتم (جەمشید خان بزانة، من هەموو ذیانم ئاواتی ئەوتم خواستوة بتوانم یەکجار ... یەکجار وەکو تۆ بفرم). ئێکەتنی و طووتی (منیش هەموو ذیانم ئاواتی ئەوتم خواستوة زەوییەك بدۆزمەوة مرۆڤ با نەبیات). ماوەیەکی درێذ توند نووساندم بەخۆمەوة، لة دڵەوة دەمویست تا هەتا هەتایە لەلام بێت، تا هەتاهەتایة ڕایەڵەطری بم، بەڵآم هێدی هێدی هەردووکمان ئیردەبووین و ذیان دەیکردین بة ذێرەوة ... دڵنیاشبووم ئەم نیشتیمانة جطة لة بەدبەختی هیضی دیکەی بۆ ئەو ئێ نییة. نەم دەویست بیطرن و وەك مەیمون بیخەنەوة قەفەز، حەزمدەکرد ئازاد بذی، کەس سووکایەتی ئێنەکات و کەس دەمی نەبەستێت... بة هێمنی لة هەوادا بەرمدا، تۆزتۆز و مەترمەتر لة زەوی دوورمخستەوة.... بەڵآم نازانم ئاخۆ دوا مالآوایي منی بینی یاخود نا. کة زۆر بەرزبووەوة، کة ضیتر ئەت نەما بەریدەم ، هەستم بة خۆبەردانی کرد لة هەوادا، بێئەوەی ببینم هەستمکرد با وەك هەمیشة دەیبات و بة ئاراستەیەك دەیفڕێنێت، کة من نازانم ضیية و ضۆن و ڕووة و کوێیة. ل 148.

- دوای دوو سالأ لة بێدەنطی تەواو ڕۆذێك یەکێك لة دەرطای دام و کردمەوة، کورێکی میَرمندالَی ئازدة سالآن بوو، زەرفێکی شینی بەدەستەوة بوو، شین وەك ئاسمان. طووتی باوکی ئەم زەرف و نامەیەی بۆ من ناردووة، کة لة جیَطایەکی زۆر دوورەوة هیَناویَتی. زەرفەکەم کردەوة، نامەیەك و کۆمەڵیَك ویَنەی جەمشید خانی تیَدا بوو. ... دواجا لة زەوییەکدا طیرساوەتەوة، کة سەرزەمینی خۆیەتی و وەك دوا ویَستطەی ذیانی تەماشایدەکات. نووسیویَتی لەویَ حەکیمەکان بەسەرییەوەن و هەموو شتیَ بەرەو باشي دەڕوات و کیَشی وردة وردة زیادیکردووة. دەڵیَت ذنانی ئەوآ بة دڵسۆزی خزمەتی دەکەن و خۆشەویستی و میهرەبانیان لیَدەبارِیَت. ل 149.

دوای ئەوەی ڕۆماننووس بێبەهایی مرۆڤ لەم هەرێمەدا نیشادەدا، پێچەوانەی ئەمەش باس لە بەها و ڕێزی مرۆڤ دەکات لە مەملەکەتی دوور، کە مرۆڤ لەوێ هەست بەبوونی خۆی دەکات، ئەمەش وەک بەهانەیەک بەکاردەهێنێت، کە کارەکتەری سەرەکی لە کەسێکی لاوازی سووکی بێ نرخەوە، بگەڕێنەوە بۆ مرۆڤێکی ئاسایی، کە دەتوانێت وەک مرۆڤێکی ئاسایی ژیان بەڕێ بکات.

- وەك هەوالَیکی هەرة طرنطی دونیاشم ثیَبلَیَت نووسیویەتی (من ضیتر ئەو جەمشید خانة نیم کة هەمیشة با لەطەڵ خۆیدا دەیبات، ئیَستا کیَشم وردة وردة ثر دەبیَتەوة و دەبم بة کەسیَکی ئاسایي). بەو ثەڕي خۆشحاڵییەوة باسي ئەوەی بۆ نوسیوم، کة بەتەنیا دەتوانیَت بەزەویدا بڕوات و لة با نەترسیَت، دەڵیَت ضیتر ثیَویستی بة ڕایەڵأ نییة، ضیتر هیض کەسیَکیش بة خۆیەوة سەرقاڵأ ناکات..... ل 150.

5.کارەکتەری پەرەنەستێن (سادە- نەگۆڕ):

ڕۆماننووس کارەکتەری پەرەنەستێن وەك پێویستیەك لەناو ڕووداوەکان دا بەکاردەهێنێت، کە بەشێوەیەکی سادە دەردەکەوێت، خاوەن یەك سیفەت، یان یەک سۆزی دیاریکراون. (کارەکتەرە سادەکان ئەوە ناگەیەنن، کە هیچ ڕۆلێکیان نییە و بێ بایەخن بە پێچەوانەوە گرینگی و کاریگەریی ئەم کەسایەتییانە لە گرنگی و ڕۆڵی کارەکتەرە پەرەستێنەکان کەمتر نییە، ئەم جۆرە کارەکتەرانە سادەو ڕووکەشن، زۆر جار نموونەی چینێکی تایبەتی کۆمەڵگان)(عبدالله، 2003، ١٦). کارەکتەری پەرەنەستێن دوو جۆرن:

5.1کارەکتەری پەرەنەستێنی تاك ڕەهەندە:

ئەمجۆرە یەك ستایلی هەیە و لەسەرەتاوە تاکۆتایی ڕۆمان ناگۆڕێت، یان لایەنێك لە لایەنەکانی ژیانی گۆڕانی بەسەردا نایەت، خاوەنی یەک بیرۆکە و یەک خاسییەتی دیاری کراوە، ئەم جۆرە کارەکتەرە بەها باوەکان بەرجەستە دەکات و وێنەی دەکێشێت و لە ڕووی بنیاتی هونەریەوە لاوازە، چونکە کارلێك کردنی لەگەڵ ڕووداوەکاندا لەسەر بنەمایەکی زۆر سادەیە و نابێتە هۆی ئاشکرا بوون و دەرکەوتنی ناخ و قوڵایی دەروون و لایەنە کۆمەڵایەتیەکانی. دەتوانرێت بەیەك ڕستە، یان چەند ڕستەیەکی کەم کەسایەتیکەی دەربببرێت، سادەیی ئەو کەسایەتیانە بێ بەهایی تاك بەرامبەر بە سروشت و کۆمەڵگا دەردەخات (عبدالله، 2003، ١٦)، ئەم جۆرە کارەکتەرانە چالاکن و تاوەکو کۆتایی ڕۆمانەکە ئەرك و ڕۆڵیان بۆ خزمەت و بەرژەوەندی کارەکتەری سەرەکیە، تەنها بیر لە ژیانێکی ساده دەکەنەوە و بە درێژایی ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە یەک ستایلیان هەیە و یەك کار

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/, Volume:** [2], **Issue:** [2], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12324]
- **Submission Date:** [15/02/2026], **Revised Date:** [15/02/2026], **Accepted Date:** [05/11/2026], **Published Date:** [30/06/2026]

دووبارە دەکەنەوە و زۆرجار گێڕەڕەوەی کەمشتزان ئەم ڕۆڵە دەبینێ، وەکو لە ڕۆمانی جەمشید خانی مامم، (من) کە بە (سالار خانی کوڕی سەرفراز خانی کوڕی حیسام خان) ناسراوە.

- ئەو سالآنەی دوایي سمایل تەواو لة زمانی ئینطلیزیدا قوولأ بووبووة، ئةطةر ستةرقالّی زۆری نةبایة لةطةلأ جةمشید خاندا، کة زوو زوو هةموو کاروباریَکی لیَدةثضڕان، حةزیدةکرد لةطةلأ ڕیَکخراویَکی بیانییدا کاربکات و ذن بهیَنیَت. (من) بةراورد بةو کةسیَکی بیَهیوا و بیَئامانج بووم، ئةوةندةي دةمویست کات ببةمةستةر هیضی دیم مةبةست نةبوو... هیَندةی ڕۆذةکانم تیَدةثةڕاندا ئةوةندة نةدةذیام. وةك شتیَك لة قوولآیي ڕۆحمدا بڕیارمدابوو ذیانی خۆم بۆ مامم تةرخانبکةم، بةلآم طةرضی من هةموو ذیانی خۆم بةو بةخشیبوو، ئةو منی تةنیا وةك ڕایةلّطریَك دةبیني، کة دةبیَت هةبم و ئةو ثةتة بطرم و بیَورتة لة خزمةتیدابم. دواجار خۆم وةك ئةو کۆیلانة دةهاتة ثیَشضاو، کة لة بني کةشتییة کۆنةکاندا هةمیشة سةولّیان لیَدةدا و کةسیش نةیدةبینین. هةستمدةکرد دةوروبةرم منیان وةك مرۆڤ بیرضۆتةوة و تةنیا وةك ڕایةلّطری خان دةمبینن و جطة لةو ڕۆلّة، ناتوانن لة هیض بةرط و ئیشیَکی تردا بمخةنة ثیَشضاوی خۆیان.ل 94.

5.2کارەکتەری پەرەنەستێنی تەخت:

بەوە دەناسرێتەوە، کە بە تەواوی گەشە ناکات، پێکهاتەی نییە و سەرسامان ناکات، خوێنەر هەرگیز ئەوە نازانێت کە ئەو چی دەکات و چی دەڵێت. دەتوانرێت بە شێوازێکی جێگیر یان کاریکاتێر ئاماژەی پێبدرێت (سعاد، 2018-2017، ١٨). ئەم جۆرە کارەکتەرانە دەکرێت بە کارەکتەری (تەخت) بناسێنین، کاراکتەری لاوازن و کەم دەردەکەون و بەشداریەکی کەمیان لە چیرۆکدا هەیە، جا ناویان دیار بێت، یاخود نادیار، تاک یان کۆ، لەگەڵ ئەوەشدا لەیادەوەری خوێنەردا دەمێننەوە، لە ڕۆمانی جەمشید خاندا دەتوانرێت ئاماژە بە کۆمەڵێک لەم جۆرە کارەکتەرانە بدرێت، وەک: دکتۆر نەجیب، غەفاری ڤیدیۆ، ئەفسەری پۆلیس، سوپای عێراق، بەسیج... چەندان ناوی دیکە لە ڕۆمانەکەدا هاتوون بە دیار و نادارەوە.

سەبارەت بە کارەکتەری تەختە عزدین ئیسماعیل لە کتێبی (الادب والفنون)دا پێناسەی کردووە، دەڵێت: ئەو کارەکتەری تەواوەتییە، کە لە چیرۆکەدا دەردەکەوێت، بەبێ ئەوەی هیچ گۆڕانکارییەک لە پێکهاتەکەیدا ڕووبدات، بەڵکو زیاتر گۆڕانکارییەکە، تەنیا لە پەیوەندییەکەیدا لەگەڵ کارەکتەرەکانی دیکەدا ڕوودەدات (طخة، سعیدات، 2022-2023، ١١). واتە لە میانی پەیوەندی لەگەڵ کارەکتەرە لاوەکییەکانی دیکە هاوکار دەبێت بۆ ئەوەی ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە ڕێڕەوی دروستی خۆیان وەربگرن، لە چیرۆکەکەدا گوزارشت لە بۆچوونێک یان چینێکی دیاریکراوی کۆمەڵگا دەکات.

لێرەدا دەکرێت جیاوازی لە نێوان کارەکتەری پەرەنەستێنی تاک ڕەهەند و تەخت بکەین، کارەکتەری تاک ڕەهەند ڕۆڵی لەگەڵ کارەکتەری سەرەکیدایە و تاوەکو کۆتایی ڕۆمانەکە بەردەوامی هەیە، وەکو کەسایەتییەکی بێبەها لە کۆمەڵگەدا سەیر دەکرێت، بەڵام کارەکتەری تەخت، ڕۆڵی لەگەڵ کارەکتەرە لاوەکییەکانی تردا بەدەردەکەوێت، زۆر بەکەمی دەردەکەوێت، بێ ئەوەی باس لە کەسایەتی بکرێت، هەندێک جار تەنها ناوی هەیە بێ ئەوەی هیچ کارێک ئەنجام بدا.

لە ڕۆمانی جەمشید خانی مامدا نووسەر بۆ بەرجەستەکردنی ژیانێکی واقیعی، بۆ دۆزینەوەی ڕێگەچارەی ئەو کێشانەی ڕووبەڕووی کۆمەڵگادا دەبنەوە، لەسەر بنەمای ئەو واقیعە نالەبارەی کە لە باشوری کوردستان دەگوزەرێت. کۆمەڵێک کارەکتەری لاوەکی تەختی هەڵبژاردووە، کە بەشدارییەکی کەمی ڕووداوەکان دەکەن، هەندێکیان ناویان دیارە و بەشێکیشیان نادیار، بەشێوەی تاک و کۆمەڵ بەشداربیان پێکراوە، وەک لەم نموونانەی خوارەوەدا دەردەکەوێت:

- حیسام خان: ئیشی ئیَوةیة کة ضاودیَری خوانی جةمشید و تةندروستی بکةن. سبةی دکتۆر نةجیب خان دیَنین بۆ ئةوةی ثشکنینیَکی تةواوی بۆ بکات. تۆش جةمشید دکتۆر نةجیب ضی طووت و ض جۆرة خوانیَکی بۆ نووسیت دةبیَت بیخۆیت ... لیَرة من مالّی سالّح هیندیم ڕاستاردووة کة ڕۆذانة نانتان بۆ بکةن و بۆتان بهیَنن. ل 10.

- مامة جةمشیدم بة ستر هةنط ثووریاوةری طوتبوو (جةنط لة هةر بةرةیةکةوة بیَت بۆ من هةر جةنطة و هةر کوشتنی مرۆظة برای خۆی، لةبةر ئةوة کاری وةها ناکةم و هةق نییة لةشتی وةها بترسن. ل 45.

- لة کۆتایي تشرینی دووةمی سالّی 1988دا جطة لة من و مامة جةمشیدم، تةنیا کوڕیَکی دی لة بارانۆك مابوو کة ناوی ئةرسةلان شامیل بوو، ئةویش لةبةر ئةوةی زۆر کیَشةی لةطةلأ باوکیدا هةبوو نةیدةتوانی بطةڕیَتةوة بۆ شار. ئةرسةلان کوڕیَکی مندالّکاری دةستةوستان بوو، کة خویَندکاریَکی زیرةکی مةکتةب بوو، بةلآم خراثی باوکی وایکردبوو لة شار هةڵبیَت و لةم شاخانةدا خۆی قایم بکات. ل 50.

لیَرەدا دکتۆر نەجیب، مالّی سالّح هیندی، سەرهەنگ پووریاوەر، ئەرسەلان شامیل، ئەم ناوانە و چەندان ناوی دیکە لە ڕۆمانەکەدا ڕۆڵیَکی سنووردار‌یان بینیوە و تەنیا یەکجار ناویان هاتووە و دووبارە نەبوونەوە.

- من: لةو ڕۆذةوة تا طةڕاینةوة شار، جةمشیدی مامم جطة لة ئیَمة کة ثاستةوانی هةمیشةیي خۆی بووین، ثزیشکیَك و بةرطدرووویةکی تایبةتیشی هةبوو. 12.

- من لةو ماوةیةدا شةوان کاتیَ لةطةلأ ستربازة هةڵَهاتووةکانی دیکةدا ئاطریَکمان دةکردةوة و دادةنیشتین، زۆر باسي جةمشیدخانم بۆ دةکردن. بةشي هةرة زۆریان باوةڕیان بة ضیرۆکةکانی من نةدةکرد... ل 48.

- دواتر زانیمان، یةکیَك لة قوتابیية کضةکانی کة ضیرۆکی عةشقة بالّدارةکةی ماممی بیستبوو، کتیَبیَکی تایبةت بة تابلۆکانی شاطالی ثیَشکةش بة خانی عاشق کردبوو. ل 73.

- دةمةو بةیانیَکی سارد و تةڕ دوو کیذة طةریلا نیوةمردوو دةدۆزنةوة، ثیاویَکی بیَکیَش کة هةتا ناوی خۆشي لةبیر نةماوة و تةنیا شتیَك لة یادیَتی ئةوةیة کة دةتوانیَت بفڕیَت و دةشزانیَت ناوةکةی بة وشةی خان کۆتایي دیَت، ل 79.

- قةرةبیبةتر ثیاویَکی ستر ڕووتاوةی بضکۆلة بوو، کة دۆستایةتییةکی نزیکی لةطةلأ زۆربةی ئةفسةرة بةرزةکانی ناو ثۆلیسي ئةستمبوولأ هةبوو، بة ئۆتۆمبیَلیَکی تازة و طرانبةها هاتووضۆی دةکرد، ثةیوةندی بة دوو قاضاخضي طةورةی کوردةوة هةبوو، یةکیَکیان مستةفا قةسابي ناوبوو، ئةویتریان خۆی کورد بوو، کةضی لةویَ بة (بورهان

ئۆطیوز) بانطیان دەکرد، هەردووکیان دوو ضەقوو وەشیَنی درندة بوون، ل 100.

ئەگەر سەرنج بدەین لە ڕۆمانەکەدا، چەندان ناو بە نادیار هاتوون، وەک (پزیشک و بەرگدوویەک، سەربازە هەڵاتووەکان، یەکێک لە قوتابیيە کچەکان، خوشکەکان، دوو کیژە گەریلا ...) تەنیا یەکجار و ئەرکێکی کەمیان پێسپێردراوە، یاخود هیچ ئەرکێکیان نییە، دواتر لە گێڕانەوەکەدا بزربوون، چونکە ڕۆمان گێڕانەوەی ژیانە، ژیانیش فراوانە و هەموو پێکهاتە و چینێک لە خۆدەگرێت

6.سێیەم: جۆری کارەکتەر بە پێی بنیاتی فیزیکی (فسیۆلۆجی):

6.1کارەکتەری ڕاستەقینە

ئەم جۆرە کارەکتەرە، دەشێت کارەکتەری (سەرەکی، یاخود لاوەکی بێت)، ئەم کارەکتەرە، لە ڕووی بنیاتی بایلۆجییەوە، وەك مرۆڤی ڕاستەقینەی ناو کۆمەڵگەیە، کە زیاتر کارەکتەرە ناسەرەکییەکان دەگرێتەوە، زیاتر ڕاستەقینەن و گۆڕانیان بەسەردا نایات، یاخود کارەکتەری سەرەکی لە ڕۆمانەکەدا خۆی مرۆڤێکی ڕاستەقینەیە، لە ئەنجامی بارودۆخێکی تایبەتی و کارتێکراودا، وەك (ستەم، نادادپەروەری، خۆشەویستی ...) وەك کارەکتەرێکی سەرەکی، یان قارەمانی ڕووداوەکان دەردەکەوێت، کارەکتەرە لاوەکییەکانیش هاوکاری دەبن لە گەشەکردنی (تاتانی، 2015: 65)، واتە ئەو کارەکتەرانە دەگرێتەوە، کە بنیاتێکی بایلۆجی مرۆڤی ڕاستەقینەیان هەیە، هەڵسوکەوت و ڕەفتار و گوفتاری مرۆڤی ئاسایی دەنوێنن. لە ڕۆمانی جەمشید خاندا سەرجەم کارەکتەرە لاوەکییەکان بە دیار و نادیارەوە هەمان هەڵسوکەوت و ڕەفتاری مرۆڤی ڕاستەقینە جێبەجێدەکەن، ئەمە یەکێکە لە نموونەکان:

- ئەو کات باثیرم ئۆتۆمبێلێکی بۆ کریبوو کة شۆفێرەکةی (خةزالأ خان)ی خوشکی سمایل بوو. زۆربةی ئێواران خةزالأ خان کة تازة مۆلّةتی شۆفێری وةرطرتبوو، مامة جةمشیدی دةخستة ثێشةوة و ثۆلیَ کضي دةخستة دواوة و بة هةموو شاردا دةطةڕان. ل 63.

ئەم کارەکتەرە لاوەکییانەی وەک (باپیر، خەزاڵخان) بەهین دەبینین هەڵسوکەوت و ڕەفتاریان هاوشێوەی مرۆڤی ڕاستەقینەن.

6.2کارەکتەری فەنتازی

مەبەست لە کارەکتەری فەنتازی لە بنەمادا کەسێکی ئاساییە، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات و ئەو بارودۆخە نەخوازراوانەی بەسەری دادێن لە ڕووی جەستەیی، یا هزری گۆڕانکاری بەسەردا دێت، ئەم گۆڕانەکارییە جەستەیی و هزریە بەڕەو بوونەوەرێکی سەروو- سروشتی دەبات. ئەمجۆرە کارەکتەرانە (دەتوانن بچێتە دنیای بوونەوە، سەروو- سروشتییەکانەوە و تێکەڵاو بە جیهانەکەیان بین و خۆشیان دەبن بە بوونەوەری سەروو- سروشتی و کەسێتییە واقیعییەکەیان نەمێنێت)(تاتانی، 2015: 65)، واتە ئەو کارەکتەرەیە، کە لە سیفەت و ڕەوشت و کارە بەرجەستەکانی، لە جوولّە و قسەکانیدا خاوەنی کۆمەڵێك نیشانەی جیاواز بێت وەک لە کەسێتی ڕاستەقینە، ئەمەش لە کلّیشەی کارەکتەری باو لادەدات و لە دۆخێکی جیاوازتردا دەردەکەوێت. ئەم جۆرە کارەکتەرانە بە تەواوی بوونیانەوە فەنتازی نین، بەڵکو لە بنەمادا مرۆڤی ئاسایین، بەڵام لە سیفەتێک یان کردەوەیەکدا جیاوازن لە مرۆڤی ڕاستەقینە.

بەکارهێنانی کارەکتەری فەنتازی یەکیکە لەو تەکنیکە هونەرییە نوێیانەی کە ڕۆماننووس زیاتر بۆ سەرنجڕاکێشانی خوێنەر پەنای بۆ دەبات، چونکە (غەریبی و نامۆیی عەقڵ دەوروژێنێت و پاڵ بە خوێنەرەوە دەنێت بۆ ئەوەی زیاتر لەو کارەکتەرە ئاساییانەی کە خوێنەر لە بیرکردنەوەدا پێی ڕاهاتووە - پابەند نەبێت پێیەوە – ئەوەش جەوهەرە لە هونەردا.. ئەو پەرتەوازەیی و پووکانەوەیەی کە توشی کارەکتەر دەبێت، کەموکوڕییەک نییە، کە لە ڕۆمانەکەدا تۆمار کرابێت، بەڵکو یەکێکە لەو کارە هونەرییە بەرزە مۆدێرنانەی کە ئاستی هونەری گێڕانەوە بەرز دەکاتەوە، ئەگەر ڕۆماننووس بە باشی بەکاری بهێنێت. چونکە هەڵگری تایبەتمەندی نامۆیی و لادان لە ئاسایی هەڵدەگرێت)(المحاسنة، 2007، ٣٩)، هەروەکو سەعید عەلووش سەبارەت بە کارەکتەری فانتازی دەڵێت: (فانتازیا جۆرێکە لە جۆرەکانی گێڕانەوە، تیایدا کارەکتەرەکان بە کۆمەڵێك یاسای نوێ پێشکەش دەکرێن، ئەم یاسایانە پێچەوانەی یاساکانی واقیعی ئەزموونین) (تاتانی، 2015: ٥٧)، واتە ڕۆماننووس بۆ حیکایەتەکەی خۆی کارەکتەرێک ئامادەدەکات و سیفەتی بوونەوەرێکی تری غەیری مرۆڤی پێدەبەخشێت. (هەڵبژاردنی ئەم جۆرە کارەکتەرانە لە لایەن ڕۆماننووسەوە، زیاتر بۆ مەبەستی دەرخستنی بارودۆخێکی نەخوازراوی هاوچەرخە، کە ڕەنگە واقیعی ژیانی (سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری) ڕۆڵی هەبێت، گرنگترین فاکتەری کێشانی وێنەکەی لەسەر بنەمای مەیلی قەیرانە، کە بە ڕەهەندی ناوەوە (دەروونی و فیکری) و ڕەهەندی ڕووکەش (دەرکەوتنی دەرەوە) نوێنەرایەتی دەکرێت (کتوب، 2004، ١٢٢). لە ڕۆمانی جەمشید خانی مامم، کارەکتەری سەرەکی (جەمشید خان)ە، کە ڕەهەندێکی فەنتازی هەیە، بەهۆی پووکانەوەی جەستەیەوە، وەکو بوونەوەرێکی سووک توانای فڕینی هەیە، شێوازی گێڕانەوەکەی حیکایەتخوان وای پێویستکردووە، کە کارەکتەری سەرەکی بەشێوەی فەنتازی گۆڕاو هەڵبژێرێت، چونکە ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە وا دەخوازن.

- بةعسییةکان ماوةیةك جةمشید لة نیَوان طرتووخانة بة ناوبانط و ترسناکةکانی عیراقدا دةهیَنن و دةبةن، ثیَدةضیَت هؤی سةرةکی لاوازبوونی جةمشیدخان و لة دةستدانی بؤ کیَشی خؤی بطةڕیَتةوة بؤ ئةو ماوة دوورودرێذةی ئةشکةنجة و برسیَتی کة لة زیندانة جیاوازةکاندا ضةشتویَتی. ل 4.

لێرەدا کارەکتەری سەرەکی بە هۆی ئەشکەنجە و برسێتییەوە تووشی لاوازی جەستەیی دەبێت، واتە ڕووداوی نەخوازراو ڕۆڵی لە دوستبوونی کارەکتەری فەنتازیدا بینیوە.

- من بؤ یةکةمجار بینیم، کةسیَکی لةڕ و قوثاو بوو لة مةخلوقیَك دةضوو لة کاغةزی بؤر دروست بووبیَت، ثیاویَکی تةنك کة لةسةر لا وةك خةتیَکی باریك دةردةکةویَت، هةر بةدةزوویةك دةضوو هةوا بیهیَنیَت و بیبات، بةتةنیَك دةضوو نةسیم بیجولّیَنیَت. ئیشي ئیَمة ئةوةبوو لة ڕؤذانی بادا جةمشید خان بة خؤمانةوة ببةستینةوة نةبا با بیفریَنیَت. ل 8.

ئەم وەسفەی ڕۆماننوس بۆ کارەکتەری ڕۆمانەکەی، دووڕە لە جەستەی مرۆڤی ڕاستەقینە، ئەم شێوازە فڕینەی کارەکتەر، تەنیا لە ئەفسانەی کۆندا بوونی هەبووە.

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/, Volume:** [2], **Issue:** [2], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12324]
- **Submission Date:** [15/02/2026], **Revised Date:** [15/02/2026], **Accepted Date:** [05/11/2026], **Published Date:** [30/06/2026]

- دیارة باری لةش و توانای جةمشید وةها تایبةت بوو، دةکرا لةطةلأ هةموو توندوتیذی ئةو یاسایانةدا، کة لة خةستةخانةی سةربازی کاریان ثیَدةکرد، لة ثشکنین دةردةضیَت و لة خزمةتی سةربازی ئازاد بیَت. بةلأم دؤخی جةمشید بة ضةشنیَك دةرةباوةر و سةرنجراکیَش بوو ثزیشکةکانی تووشی تیَرامان و بیرکردنةوةی قوولأ کرد... کاتیَك یةکةمجار بؤ ثشکنین ڕووتي دةکةنةوة و لة جةستةی دةڕوانن، دةبینن لةشی ئةم ثیاوة باریکة لة هةندیَك جیَطادا ثتر وةك کاغةزی تةنك واية و هیضی لة جةستةیةکی سروشتی ناضیَت. جةمشید بؤ ئةوةی ثزیشکةکان بخاتة سةر ئةو بروایةی نةینیَرن بؤ سوثا، دةلَیَت: من مةخلووقیَکی لاواز و بیَجورمم و با هةمیشة لةطةلأ خؤیدا دةمبات. دکتؤرة بةعسییةکان بؤ ئةوةی لة ڕاستی و دروستی قسةکانی جةمشید دلَنیابن دةینیَرن بؤ جیَطایةکی تایبةت و دوای هةندیَك تاقیکردنةوة بؤیان دةردةکةویَت، کة مامم بونیادیَکی فیزیکی دیکةی هةیة، کة جیاوازة لة بونیادی فیزیکی مرؤظة ئاساییةکان. دؤزینةوةی ئةو جیاوازییة لة بری ئةوةی دةرطای ئازادی لةسةر جةمشید بکاتةوة، بة ثیَضةوانةوة دةیکاتة ضةکیَکی سةربازی قورس کة سوثا دةشیَت سوودی لیَ ببینیَت. ل 25.

هةلَبژاردنی کارەکتەری فەنتازی لەلایەن بەختیار عەلییەوە، ویستیکی شاراوەیە لە ناخی ئەودا. ڕۆماننوس ئەم کارەکتەرە وەک هێمایەک بەکاردەهێنێت، تاوەکو لە ڕێگەی ئەوەوە واقیعی ژیانی سیاسی و مەینەتییەکانی میللەتی کورد لە باشووری کوردستان لەنێوان وڵاتانی داگیرکەردا بخاتە ڕوو.

دەکرێ جۆرەکانی کارەکتەر لە ڕۆمانی (جەمشیدخانی مامم ....)، بەم شێوەیە پۆلێن بەندی بکرێن:



کارەکتەرە لاوەکییەکانیش دەکرێت بۆ دوو جۆر پۆلێن بکرێن:



- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/, Volume:** [2], **Issue:** [2], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12324]
- **Submission Date:** [15/02/2026], **Revised Date:** [15/02/2026], **Accepted Date:** [05/11/2026], **Published Date:** [30/06/2026]

7.ئەنجام:

لەکۆتایی لەم توێژینەوەیەدا توانیومانە بگەینە چەند ئەنجامێک:
١- نووسەر کەسێتییەکی فەنتازی گۆڕاوی کردووەتە کارەکتەری سەرەکی ڕووداوەکان و وەک هێمایەک بەکاری هێناوە، تاوەکو لەڕێگەی ئەم کارەکتەرەوە وێنەیەکی ڕاستەقینەی سادەیی سەرکردەی سیاسی کورد نیشان بدات، کە هەر دەم وەکو مرۆڤێکی خۆشباوەڕ سود لە کەوتنی ڕابردوو و مێژووی خۆیان وەرناگرن و لە بیری دەکەن. لەهەمانکاتدا هەر ساتە و بەدەست دەوڵەتێکی داگیرکەرەوەن و بۆ مەرام و مەبەستی خۆیان بەکاریان هێناوە.
٢- کارەکتەری سەرەکی ڕۆڵی کارەکتەری فرە ڕۆڵ دەگێڕێت، بۆیە دەتوانین ئەم ڕۆمانە بە ڕۆمانی تاک کارەکتەر ناو ببەین، بەو پێیەی پێکهاتەی دەقەکە بە دەوری یەک کارەکتەردا دەسوڕێتەوە، ئەویش جەمشید خانە.
٣- لە ڕۆمانەکەدا دەنگی گێڕەرەوە لە ڕێگەی کارەکتەری کەمشتزانی من (سالار خان)ەوە زاڵە، واتە بیروبۆچوونی گێڕەرەوە لە سەرووی باقی توخم و میکانیزمەکانەوەیە. ئەمەش بووتە هۆی ئەوەی کە بنیاتنانی کارەکتەرەکان وابەستەی ئەم باڵادەستی و پێناسەیە بن، چونکە کارەکتەرەکان بە ویست و بەرنامەکانی نووسەر هەنگاو دەنێن.
٤- ڕۆڵی کارەکتەرە لاوەکییەکان سادە و جێگیرن و تاوەکو کۆتایی ڕۆمانەکە یەک ئەرکیان پێدەسپێردرێت، ئەویش هاوکاریکردن و یارمەتیدانی کارەکتەری سەرەکییە و دەیبەستنەوە بە ڕووداو و پێشهاتە نوێیەکان، وەک (من و سمایل)، کە تاکۆتایی ڕۆمانەکە لە دەوری کارەکتەری سەرەکیدا دان.
٥- لە ڕۆمانەکەدا چەندین کارەکتەری تەخت بە پێی پێویست و ڕۆڵیکی کەمیان پێسپێردراوە و بە ویستی کارەکتەرە لاوەکییەکانی دیکە هەڵسوکەوت دەکەن، دواتر بزر دەبن، ئەمەش بۆ دەوڵەمەندکردنی ڕووداوەکانی ڕۆمانەکەیە، چونکە ڕۆمان ئاوێنەی ژیانە و فراوانە، دەبێت هەموو دەنگ و ڕەنگێک بەشداری تێدا بکات.
٦- کارەکتەرەکانی ڕۆمانەکە بە شێوەی پۆلێن بەندی و بەپێی داتای سەلمێنراو خراونەتە ڕوو.

8.لیستی سەرچاوەکان:

یەکەم: سەرچاوەی کوردی

١- تاتانی، محمدامین عبدالله، (٢٠١٥)، فانتازیا لە ڕۆمانی (غەزەلنووس و باغەکانی خەیاڵ)ی بەختیار عەلی دا، گۆڤاری زانکۆی کۆیە، ژ(35)، 2015.
٢- حمید، نەجات، (٢٠٠٤)، چیرۆك و کەسایەتی و پاڵەوان، گۆڤاری نووسەری نوێ، ژ (22)، هەولێر، 2004.
٣- حوسێن، هیمداد، (٢٠١٠)، دەروازەیەك بۆ ڕەخنەی ئەدەبی نوێی کوردی، چاپخانەی باز، هەولێر.
٤- خەیات، ئاری عوسمان، (٢٠١٢)، پراکتیکی بنیاتی ڕووداو و لە ڕۆمانی (پاشایان کوشت)، گۆڤاری (ڕامان)، ژ(176)، هەولێر، 2012.
٥- عبدالله، محمد ئەمین، (٢٠٠٣)، شاکەس لە ڕۆمانی کوردی کوردستانی عێراق دا(1990 – 1997)، نامەی ماستەر، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.
٦- عەلی، بەختیار، (٢٠١٠)، ڕۆمانی جەمشید خانی مامم، کە هەمیشە با لەگەڵا خۆیدا دەیبرد، چاپخانە، کاردۆ.
٧- محمد، ئەڤین حسن، (٢٠٠٨)، کەسایەتی لە چیرۆکی(تەنیای)ی شێرزاد حەسەن دا, گۆڤاری (خامە)، ژ (6)، هەولیر, 2008.

دووەم: سەرچاوەی عەرەبی

٨- براهمي، يمينة، (2021)، الشخصية في الرواية الجزائرية المترجمة رواية (الصدمة) لياسمينة خضرا أنموذجا، مجلة العلوم الانسانية – المركز الجاميعي على الكافي تندوف – الجزائر، المجلد 5، العدد 1، ص 61، ص73.
٩- بوشبوط، فايزة، (٢٠١٨-٢٠١٩)، بنية الشخصية في رواية أرخبيل الذباب لبشير مفتي، رسالة ماجستير،كلیّة الآداب واللغات، الجمهوريّة الجزائر.
١٠- سعاد، بوميدونة، (2017-2018)، الأبعاد الفنية والموضوعية للشخصية في رواية وصية المعتوه لإسماعيل يبرير، رسالة ماجستير، كلية الآداب و اللغات، قسم اللغة – جامعة قاصدي مرباح – ورقلة والأدب العربي، الجزائر.
١١- طخة و سعيدات، الهام – بثينة، (2022-2023)، الهام، بثينة، بنية الشخصية في الرواية ذاكرة الجسد لأحلام مستغانمى (دراسة سيميونصية)، رسالة ماستر، جامعة محمد البشير الابراهيم برج بوعريريج، كلية الاداب واللغات، الجزائر.
١٢- فرادي، حياة، (٢٠١٥، ٢٠١٦)، الشخصية في رواية ل: محمد بابا عمي، رسالة ماجستير،كلیّة الآداب واللغات، ""ميمونة رسالة ماجستير،كلیّة الآداب واللغات، جامعة محمد خيضر بسكرة، الجمهوريّة الجزائر.
١٣-كتوب، محمد كاظم، (٢٠٠٤)، الشخصية في الروائي لمدينة الناصرية، رسالة ماجستير، جامعة ذي قار.
١٤- المحاسنة، شرحبيل ابراهيم أحمد، (2007)، بنية الشخصية في أعمال مؤنس الرزاز اروائية دراسة في ضوء المناهج الحديثة، رسالة الدكتورا، جامعة مؤتة.
١٥- محمد أمين و أمين، هيرش - إحسان برهان الدين، (2022)، طرق تقديم الشخصية في الروايات الحائزة على الجائزة العالمية ، مجلة قەڵای زانست العلمية، 2020 – 2018)للرواية العربية من(مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العرا ق، المجلد(٧) – العدد (١)، شتاء ٢٠٢٢.
١٦- مرتاض، عبد الملك، (١٩٩٠)، القصة الجزائرية المعاصرة، المؤسسة الوطنية للكتاب، الجزائر.
١٧- مرتاض، عبد الملك، (١٩٩٨)، في نظرية الرواية بحث في تقنيات السرد، سلسلة كتب شهرية يصدرها المجلس الوطني للثقافة والآداب، الكويت. والفنون)،
١٨- هامون، فيليب،(٢٠١٣)، سيميولوجيا الشخصيات الروائية، دار الحوار للنشر والتوزيع، الطبعة الأولى، 2013، ترجمة سعيد بنگراد.

ملخص

يتناول البحث موضوع بنية الشخصية في رواية (عمي جمشيدخان زي الذي كان الرياح تأخذ به دائماً) للكاتب بختيار علي، وهو محاولة للكشف عن طبيعة الشخصيات في هذه الرواية، والتي تقع ضمن أنواع الشخصيات، وإن الروائي أراد فيها الكشف عن الحقائق التاريخية للقارئ عبر هذه الشخصيات الواردة فيها. إن سبب اختيار موضوع الشخصيات يعود إلى حيوية هذه الرواية باختيارها الشخصيات التي جسدها الكاتب، إذ إن هذه الشخصيات تُبرزُ المنظور سياسي واجتماعي في واقع حياة المجتمع الكردي، نقدم قدم الكاتب عبر تلك الشخصيات تجارب حياة الشعب الكردي والسياسيين منهم في كردستان الجنوب.

يتكون هيكل البحث من مقدمة وجزئين رئيسيين، الجزء الأول يحتوي محورين: المحور الأول: مفهوم وتعريف الشخصية من منظور العلماء الغربيين والشرقيين واسم الشخصية، المحور الثاني: يتناول العلاقة بين الشخصية والراوي، وتصوير الشخصية في خيال الروائي وأثر الأحداث في تكوين الشخصيات.

ويتكون الجزء الثاني من ثلاثة موضوعات: الموضوع الأول: أنواع الشخصيات في الرواية، وأنواع الشخصيات حسب أثرها في خلق الأحداث، والشخصيات العبادة و المستمرة. الموضوع الثاني:يتناول انواع الشخصيات التي تتطور وتتغير حسب طبيعة بناء وتركيب الشخصيات. الموضوع الثالث: يتناول البنية المادية للشخصيات المادية، والشخصيات المادية، والفانتازيا. وأخيرًا يتم عرض أهم النتائج وتأتيها قائمة المصادر والمراجع.

الكلمات المفتاحية: جمشيد خان، الشخصية الرئيسية، الشخصية الثانوية، شخصية العبادة، الشخصية المستمرة، الشخصية الواقعية، الشخصية الخيالية.

Abstract

This research is entitled to a Character Structure in Bakhtiar Ali's Novel Jamshid Khani Mammam, who wind always carried.

The novelist wants to reveal the historical facts to the reader through the characters.The reason for the vitality of this novel and the choice of the characters that Bakhtiar Ali has portrayed in this novel is the political and social reality of Kurdish society

Through the characters, the author presents the experience of the Kurdish nation and politicians in South Kurdistan.

The structure of this research consists of two main parts:

The first topic: consists of the concept and definition of the character from the perspective of the modern and oriental scholars, and the name of the character.

The second topic: shows the relationship between the character and the narrator, the drawing of the characterin thenovelist's imagination, and The role of the events in character creation.

The second part consists of three topics.

The first topic: shows the types of characters in the novel. Types of characters and their role and influence in the events, main and secondary characters .

The second theme consists of the types of characters, the natural structure of personalities, both real and unreal. Topic 3: Types of characters Physical structure, real and fictional characters. Finally, the results and the list of sources are presented.

Keywords: Jamshid Khan, Main Character, Sub-Character, Barostin Character, Barnastin Character, Real Character, Fantasy Character.

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/**, **Volume:** [2], **Issue:** [2], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12324]
- **Submission Date:** [15/02/2026], **Revised Date:** [15/02/2026], **Accepted Date:** [05/11/2026], **Published Date:** [30/06/2026]